# کوێخا عەلی مەرزانی

## و بەهرەمەندی لە شوێن پێ هەڵگرتن

## ١٨٨٧ - ١٩٨٧

کوێخا عەلی باوەگەورەی ئالاک نۆشێرن

دادوەر هیمداد مەجید عەلی

١

# لە بڵاوکراوەکانی

## ناوەندی ڕۆشنبیری تەق تەق ، ژمارە (٢)


- ناوی کتێب: کوێخا عەلی هەنانی و بەهرەمەندی لە شوێن پێ هەڵگرتن
- ناوی نووسەر: دادوەر هیمداد مەجید عەلی
- نەخشەسازی و بەرگ: ئاکۆ عەبدولمەجید ، کۆمپیوتەری شاد
- تایپ: فەرەیدوون حەمزە صابر
- چاپ: چاپخانەی یاد – سلێمانی
- نۆبەتی چاپ: یەکەم – ٢٠٠٦
- تیراژ: ٧٥٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: (٣٧٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ.

# پێشکەش

پێشکەشە بەو قەڵەمانەی لەسەر کوێخا عەلی شوون هەڵگریان نوسیوە

# پێرستی بابەتەکان

- پێشەکی ........................................ ٧
- بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبە ........................................ ٩

بەشی یەکەم: ژیاننامەی کوێخا عەلی مەرزانی و بەشێك لە شاکارەکانی شوون هەڵگرتن ........................................ ١١
- ژیاننامەی کوێخا عەلی مەرزانی و ........................................ ١٣
- قسە نەستەقەکانی کوێخا ........................................ ٣٥

بەشی دووەم: کوێخا عەلی لە روانگەی رۆشنبیران و نووسەرانەوە ........................................ ٣٧
- عەلی شوون هەڵگر، کەریم شارەزا ........................................ ٣٩
- نامەیەکی دڵزاری شاعر بۆ حاکم هیمداد ........................................ ٤١
- کێخوا عەلی شیواشۆکی دوژمنی تاوانباران وخەمخۆری ستەملێکراوان بوو، موحەمەد داریاس ........................................ ٤٣
- کوێخاعەلی شیواشۆکی کەسایەتیەکی ناوداری سەردەمی خۆی بوو لە دەڤەری کۆیەدا، موحەمەد داریاس ........................................ ٤٩
- شوێن پێ هەڵگرتن، موحەمەد داریاس ........................................ ٥٣
- کوێخا عەلی شوون هەڵگر ، جەواد حەمە بەگ ........................................ ٥٥
- نهێنی بلیمەتی کوێخا عەلی لە بن نایە، جەواد حەمە بەگ ........................................ ٦١

- كوێخا عەلی مەرزانی بلیمەتی شوێن پێ هەڵگر و ، فاتح بێ لان ..........٦٥
- شایەدیەكی بەهەق لە سەر شوێن هەڵگرتنی، مقدم دڵشاد موحەمەد......٦٩
- كوێخا عەلی شیواشۆكی بەهرە و داهێنان، رێباز محمد حاجی علی.........٧٣
- بەرێز كاك هیمداد حاكمی كۆیە، فریشتە ..............................٧٥
- پەیڤێكی پێویست لە دوا وێستگەی ، ئاراس ئیلنجاغی.....................٧٧

بەشی سێهەم :شوێن پێ هەڵگرتن لە روانگەی شەریعەت و یاسادا.......٨٣
- شون هەڵگرتن لەرێبازی فقهی ئیسلامی ، د. جمال محمد باجلان....٨٥
- شوێن پێ هەڵگرتن لە رووی یاساییەوە ..............................٩٠
ناوی ئەو شوێن و ناوچانەی كە لە نووسینەكەدا باسكراون..........٩٧
سەرچاوەكان ....................................................١٠٠
چاوپێكەوتن لەگەڵ بەرێزانەدا كراوە ...............................١٠١

# پێشەکی

### بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبانەوە

مێژووی کۆیەو دەورپشتی لاپەڕەیەکی پڕشنگداری میللەتیکۆیە .خۆ گەر کۆیە مافی خۆی بێت شانازی بەوە بکات کە بەردی بناغەی قوتابخانەی شیعری سیاسی کوردی لێدانراوەو کەڵە پیاوی وەك مەلای گەورە و بەرهەمی شیعری وەك ئەی ڕەقیبی تیا لە دایك بووبێ و پیاوی وەك حەمەئاغای کۆیەش ناونیشانی بێت ، ئەوادەورو پشتی کۆیەش کەڵە پیاوی وەك کوێخا عەلی شیواشۆکی هەیە کە بەڕاستی پیاوی بلیمەت و زیرەك و لێهاتووی سەردەمی خۆیەتی و دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێشەری ئەم دەڤەرەیە ،کوێخا عەلی هەر پیاوی ماقوڵی دیوەخان و چارەسەرکەری کێشەی کۆمەڵایەتی نەبووە بەڵکو ئەم پیاوە بلیمەتە خاوەنی عەقڵیەتێکی سەر سوڕهێنەر بووە ، خۆ گەر کورد نەبوایە ئەوا دەیەها نوسراو کتێبی لەسەر دەنوسرا.ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو لێهاتوویو فەراسەتەی ئەو پیاوە تەنها ووردبینیو ژیری ویستوە .کاك حاکم هیمداد لەم کتێبەدا چمکێ لە مێژووی ژیان و لێهاتووی ئەو زاتە دەخاتە ڕوو ، وەك من ئەو دەناسم توێژەرێکی ڕێکی ووردبین و ماندو

نەناسە ،کاتێك توێژینەوە دەکات زۆر بە ژیری بۆ شتەکان دەچێت و دەشتوانین بڵێین زۆربەی سەرچاوەی ئەم نوسینە ئەو دیکیۆمێنتەو سەرچاوە سەرەکیەکانی ئەو، ئەو خەڵکەن کە ئەوان یا کەس و کاریان سودیان لە بەهرەمەندی ئەو کەڵە پیاوە وەرگرتوە.خۆزگە نوسەران و توێژەرانی ئێمە بەتایبەتی لەشاری کۆیە وەك نوسەری ئەم بابەتە بایەخیان بەم دیاردە سەرنج ڕاکێشانە دەداو هەریەکە لە لای خۆیەوە ڕووداو بەسەرهاتی پیاوێکی بلیمەتی وەك کوێخا عەلی بۆ نەوەکانی داهاتوو تۆمار دەکرد دەست خۆشی لە نوسەر دەکەم و داواکارم دام و دەزگا ڕۆشنبیریەکانی ئەم شارە(بەتایبەتی زانکۆ )ڕۆڵی خۆی ببینیێ لە دەرخستنی ڕووی گەشی ئەو شارەی وەك شاعیر دەڵێ:بێت و لوبنان ببینیێ بێشکە دەگریێ وەرەم.

د.جەواد مەلا حەمەدەمین چۆم حەیدەری
پرۆفیسۆری یاریدەرو ڕاگری
کۆلیژی خوێندنی ئاینی لە زانکۆی کۆیە



CS CamScanner

# بیرۆکەی نوسینی ئەم کتێبە

ئەوەی بیرۆکەی یادکردنەوە نوسینی ئەم بابەتەی لادروست کردم براو مامۆستای بەرێزم کاك (د.جەمال باجەلان )بوو کە ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت باسی کردو وتی باپیرت ئەو بە تواناو زیرەك و بلیمەتە بوو لە بواری شوێن پێ هەڵگرتن بۆ هەوڵنادەی شتێك لە بارەی بنوسی وەك وەفایەك بۆ باپیرت و خانەوادەکەتان .بۆیە منیش دەست بەجێ بڕیارم دا کەوا لە ڕۆژنامەی (تاك)شتێکی لە بارەی بنوسم بۆیە دەستم کرد بە گەڕان و سوڕان بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر باپیرم(کوێخا عەلی مەرزانی)سەرەتا لە ژمارە (١٢)ڕۆژنامەی (تاك)بەشێکم نوسی هەر لە دوای ئەم نوسینەی من کۆمەڵێك قەڵەم بەدەست و ڕوناکبیرو ڕۆشنبیرانی کۆیەو تەق تەق (کۆ و تاك)دەستیان کرد بە نوسینی بابەتی بە پێز لەم بارەیەوەو وە لەچەندین ژمارە بەبەردەوامی لەسەری نوسرا بۆیە بڕیارم دا کەوا هەموو ئەو نوسینانە لە دوو توێی کتێبێکدا کۆبکەمەوە .نابێت ڕۆڵی بەر چاوی(ناوەندی ڕۆشنبیری تەق تەق) شارەدێی تەق تەق لە بیر بکەم کە زۆر خەمخۆرانە کار دەکەن و ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە مەڕ ئەم بابەتەی من وە دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەم

له ڕۆژنامەی هاموون له دوو ژمارەدا لەسەر باپیرم نوسراوه بۆیه باسەکەم دابەش دەکەم بۆ سیّ بەشی سەرەکی له بەشی یەکەمدا باسی ژیاننامەی کویّخا عەلیو هەندیّك له شاکارەکانی شوون هەڵگرتن دەکەم وەبەشی دووەمم تەرخان کردووه بۆ ئەو قەڵه ڕەنگینانەی که لەسەر کویّخا عەلیان نوسیوەو له گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا وه بابەتەکانیان وەك خۆی دەخەمه ڕوو وه بەشی سیّیەمم تەرخان کردووه بۆ لیّکۆڵینەوه له شویّن پیّ هەڵگرتندا له ڕوانگەی شەریعەو یاسادا .وه بیّگومانم لەوەی که هیچ کاریّك بیّ کەم و کوڕی نابیّت وه هیوادارم توانیبیّتم تا ئاستیّکی باش خزمەتم به کەلتوری نەتەوایەتی میللەتەکەمان و کتیّبخانەی کوردی کردبیّت.

دادوەر

هیمداد مجید عەلی مەرزانی

# بەشی یەکەم



## ژیاننامەی کوێخا عەلی مەرزانی و بەشێک لە شاکارەکانی شوون هەڵگرتنی

# ژیاننامەی کوێخا عەلی مەرزانی و بەشێک لە شاکارەکانی شوون هەڵگرتنی[1]

دیـاره لـه مێـژووی پـڕ سـەروەری گەلەکـەمان زۆرن ئەوانـەی بناغـەی ڕاسـتیو دروسـتی کۆمـەڵی کوردەواریـان داڕشـتوه وه مێـژووه نـوس و نیگار کێش و وێنـه گـرو مۆرهەڵکەن و ئەمـەك مەنـدو هـەژار پەرسـت و دادوەرو جوامێرو لاو چاك و خۆش نووس و پیشەکارو بەرهـەم جـوان و پاڵەوان و وەرزێرو دەست و مەچەك بە هێز پڕ بڕشت و دەست ڕەنگین و دڵدارانی ڕەسـەن و داوێن پاك و دەروون پـاك ئەمـه لـه لایـەك لـه لایـەکی ترەوه زۆر جارو لە زۆر شوێنی ئەم نیشتمانەدا پزیشکی میلیو بەیتاڵ و ددانسازو بـرین تیمارکـەر چارەسـەری چەندین گـیرو گرفتـی ڕۆژانـەی کۆمـەڵی کوردەواریـان کـردووه .وه داوو دەرمانیـان لـه گـژوگیاو گـوڵ و

---

[1] دادوەر :هیمـداد مەجیـد عـەلی مـەرزانی ، ڕۆژنامـەی (تـاك) ژمـاره (١٢) ی سـاڵی یەکـەم کانونی یەکەمی ٢٠٠٥ لاپەڕه (٦)، وه ژماره (١٣)کانونی دووەم ساڵی دووەم ٢٠٠٦ لاپەڕه (٦-٧)کـه ڕۆژنامەیـەکی ڕۆشـنبیری گشتیه ناوەنـدی ڕۆشـنبیری تـەق تـەق دەریـدەکات، مانگی جارێك دەردەچێت.

بنەوشەو حاجیلەو نیسان دروست کردووە .هەر لە بواری دادوەری‌و لێکۆڵینەوەشدا چەندین کەسی شارەزاز پسپۆڕ لە بواری شوێن پێ هەڵگرتندا هەڵکەوتون و چەندین تاوانی گەورەیان ئاشکراکردووەو تۆمەتبارانیان دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی لە سزای خۆیان ڕزگاریان نەبێت ،وەك تاوانی کوشتن و دزی.دیارە کوێخا عەلی یەکێك بووە لەوانەی دەستی بالآی هەبووە لە شوون هەڵگرتن و ئاشکراکردنی تاوانی کوشتن و دزی‌و چەندین تاوانی تر بۆیە بە پێویستی دەزانین کورتەیەك لە مێژووی ژیانی باس بکەین.کوێخا عەلی کوڕی کوێخا سمایل کوڕی ڕەسول ئاغای کوڕی حەمەئاغای کوڕی ئۆمەر ئاغایە. کە لە بنەچەدا خەڵکی گوندی مەرزانن و تاپۆی گوندی مەرزان بەناوی خۆیانە. دیارە کوێخا عەلی مەرزانی یەکێکە لەو کەڵە مێدانەی کە لەم بوارەدا دەستی بالآی هەبوە وە چەندین تاوانی گەورەی ئاشکراکردووە ،بەلآم دەمەوێت ئەوە ڕۆن بکەمەوە کەوا کوێخا عەلی مەرزانی جیایە لە گەڵ عەلی شوون هەڵگر کە کاتی خۆی شەهید کاردۆ گەلآڵی کتابێکی لەسەر نوسیوە،[٢] چونکە ئەو ناوی عەلی عەبدوڵلایە خەڵکی گوندی گردیشە ناوی دایکیشی بەلقیسە. کوێخا عەلی کوڕی کوێخا سمایلی کوڕی ڕەسول ئاغایە و دایکی ناوی (عنیف )لە گوندی شیواشۆك دانیشتوەو هەندێ جار بە کوێخا عەلی شیواشۆکی ناوبانگی دەرکردووە ،دوو ژنی هەبووە بە ناوی (فاتمەو زولێخا)لە ژنی یەکەمی واتە (فاتیمە)سێ کوڕی هەبووە

[2] پارێزەر کاردۆ گەلآڵی ، عەلی شون هەڵگر پسپۆڕێکی بەهرەوەر بوو ، چاپخانەی ئەسعەد ، بەغداد ١٩٧٨ ، ل ٣٣.

بە ناوی (ڕەسولْ و ڕەحمان و مەجید)و لە ژنی دووەمی واتە (زولێخا)دوو کوڕی هەبووە بە ناوی (حەمیدو ئەسعەد)وە فاتمەی خێزانی خەڵکی گۆپتەپەی ئەو بەرە (مەبەستمان ئەو گۆپتەپەیەی کیمیا باران کراوە )وە زولێخای خێزانی خەڵکی گوندی (کونە گورگە) ، لەسەردەمی عوسمانی کوێخا سمایل لەسەر داوای حەماغای کۆیە چۆتە شیواشۆکی گەورەو لەسەردەستی ئەو ئاوەدانکراوەتەوە. پەیوەندی‌یەکی بەتینیان لەگەڵ ماڵی حەماغای کۆیە هەبووە، ئەو پەیوەندی‌یەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوسەردەمەی کەوا حەماغای کۆیە لەلایەن عوسمانیەکان دەستگیر دەکرێت و دەیانەوێ بەبەندکراوی بی‌بەن، ئەو کات ڕێگا بە گوندی مەرزاندا بووە کاتێك ڕەسولْ ئاغای باپیری کوێخا عەلی ئەم دیمەنە دەبینێ زۆر کاری تێ دەکات و پێی قبوڵناکرێ. بۆیە دەستبەجێ کاوڕێك سەردەبڕێ‌و نانیان بۆ ئامادە دەکات و داوا لە ئەفسەرەکەی دەکات کەوا ڕێگا بدات دەستی حەمەئاغا بکرێتەوە بۆ ئەوەی دەستنوێژ هەڵبگرێ‌و نان بخوات ئەفسەرەکەش ئەم داوایە پەسەند ئەکات لەبەرئەوەی ڕێزی زۆریان لێگیراوە. بۆیە کاتێك دەستی حەماغا دەکرێتەوە ڕەسولْ ئاغا داوای لێئەکات بڕوات و بچێت لە (گەری عاسێ) خۆی بشارێتەوە بەڵام حەماغا ڕازی نابێت و دەڵێت تۆ توشی کێشە دەبیت بەڵام ڕەسولْ ئاغا وەڵامی ئەداتەوەو دەڵێ من خۆم دەرباز ئەکەم. بۆیە کاتێك ئەفسەری عوسمانی ئەزانێ کەوا حەماغا ڕای کردووە دەڵێ من چی بڵێم ڕەسولْ ئاغا هەندێك پارە دەدات بە ئەفسەرەکەو ئەو ئەفسەرانەی لەگەڵی‌دان ئەڵێ پێیان بڵێ حەماغا خۆی بەزێ دا دا، وە ماوەی ٣مانگ حەماغا بەشەو ئەچێتە ماڵی

ڕەسوڵ ئاغا بۆ نان خواردن و بەڕۆژ لە(گەری عاسیٚ) خۆی دەشارێتەوە تا ئەوکاتەی عەفوی بۆ دێ لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی کە دەگەڕێتەوە کۆیە لەدوای ڕەسوڵ ئاغا دەنێرێو دەڵێ دەبێ بچیتە گوندی شیواشۆک و ئاوەدانی بکەیتەوە بەڵام ڕەسوڵ ئاغا دەڵێ لەبەر ئەوەی من(٥) کوڕم هەیە بەناوی (سمایل، مستەفا، حەمەد، ئۆمەر، حوێز) ناتوانین هەمومان بچین و واز لەگوندی مەرزان بهێنین. بۆیە سمایلی کوڕم دەنێرم بۆ گوندی شیواشۆک کە دەکاتە باوکی کوێخا عەلی مەرزانی.

بەم شێوەیە سمایل دەبێت بە کوێخای شیواشۆک و ئاوەدانی دەکاتەوە، حەماغای کۆیەش ٢٠٠سەرمەڕی بۆ دەنێرێت لەپاداشتی ئەوچاکەیەی ڕەسوڵ ئاغا. بەڵام شەوێك هۆزی مەڕ ئاگری تێ بەر دەبێت و هەموو مەڕەکان دەسوتێن کاتێك ئەم هەواڵە دەگاتە حەماغای کۆیە زۆری پێ ناخۆش دەبێت و ٢٠٠سەر بزنی لە گوندی شیواشۆکی بچوك دەبێت دەی نێرێ بۆ کوێخا سمایل و پێی دەڵێ لەبەر ئەوەی ئێوە خانەوادەیەکی ناندەرن دەبێت هاوکاری بکرێن، بۆیە پەیوەندی نێوان خانەوادەی کوێخا عەلی و حەماغای کۆیە تا ئەمڕۆش ماوەو لەوپەڕی بەهێزیدایەو هەردوو لا بەچاوی ڕێزەوە سەیری یەکتر ئەکەن هیچ کاتێك کوێخا عەلی لە قسەی ماڵی حەماغا دەرنەدەچوو ئەوانیش زۆر بەقسەیان دەکرد و جێگەی باوەڕیان بوو[٣]. کوێخا علی پیاوێکی

[3] ڕێباز محمەد حاجی عەلی ، ڕۆژنامەی هاموون ، ساڵی دووەم ،ژمارە (١٦)١٩٩٩ ،ل ٤.وە چاوپێکەوتن لەگەڵ ساڵح حەمەد مەرزانی کە ئێستا لە ژیاندا ماوەو تەمەنی لەسەرووی

سوروسپی بالاّ مام ناوەندی بوو، لە ١٨٨٧/٣/٢١ لەگوندی شیواشۆك هاتووەتە دنیاوەو لە ١٩٨٧/٣/٢١ لە گەڕەکی باداوەی شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم پیاوە بەهرەمەندە ١٠٠سالّی ڕێك ژیاوەو لەچ ڕۆژێك لەدایك بووە لەهەمان ڕۆژ کۆچی دوای کردووە دوای ١٠٠سالّ، دیارە ئەو ڕۆژەش ڕۆژی سەری سالّی کوردی و جەژنی نەتەوایەتی کوردە، دیارە جگە لەوەی کوێخا عەلی مەرزانی پیاوێکی سەخی تەبیعات و قسەخۆش و خۆش مەحشەر بووە وە قسەزان و خاوەن دیوەخان بووە و هەرکاتێك پیاو ماقولان و دەست و دائیرەی میری‌و هەر میوانێك ڕووی لە گوند بکردبا لەلای ئەو نانی دەخوارد جگە لەوەی کە پیاوێکی لێزان بوو هەریەکێك لە خەلّکی گوندی ئیشوکارێکی هەبووبێ لەگەلّی دەهات بۆ شارو کارەکەی بۆ مەیسەر دەکرد جا کارەکە لای مدیر ناحیە بووبێ یا لای قایمقام بوایە یاخود لای دادگاو دائیرەی نفوس و تەجنید ئەوەی بەخۆی بکرابایە دەی کرد. ئەگەر نا پەنای دەبرد بۆ مالّی کاکەزیاد ئاغای کوڕی حەماغا و کارەکەی جێبەجێ دەکرد جگە لەمانەش دەورێکی بالاّی هەبووە لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەلاّیەتی‌یەکانی سنورەکەو ئەو کێشانەی لە گوندی ڕووی بدابا ئەوا خۆی چارەسەری دەکرد و هەردوو لای ئاشت دەکردەوە و کاوڕێکی سەردەبڕی و هەردوولای بانگدەکرد بۆ

---

حەفتا سالّ دەبێ لە هەولێر نبشتە جێیە ، سلێمان مام حەمەد مەرزانی تەمەنی ٧٠ سالّ زیاترەو لە هەولێر نیشتە جێیە .

نانخواردن و لەسەر خوانی ئەو ئاشت ئەبوونەوە وەپیاوێکی زۆر عاتفی و بەزەیی بوو ئەگەر یەکێك نەی دیتبا ماوەیەك دوای ئەوەی دەی دیتەوە دەستی ئەکرد بەگریان و دەجار پێی دەگوت بەقوربانت بم وە لە لێقەومان زۆر بەهانای خەڵکەوە دەچوو من نمونەیەکی زیندووم لەبەرچاودایەو خۆم بە بیرم دێ لەدوای هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ١٩٧٦ پیاوێکی ئێرانی بەناوی (بەگزادە) بەخۆی و دوو کوڕی هاتن بۆ شیواشۆك کوڕەکانی ناویان ڕەحمان و ڕەحیم بوون، ئیشی ئاسنگەریو داس و چەقۆ تیژ کردن و شتی لەم بابەتەیان دەکرد بەڵام پاش ماوەیەك (بەگزادە) لە شیواشۆك مرد و ئەم دوو کوڕەی بەبێ کەس مانەوە لەمزگەوتی گوندی، کوێخا عەلی باپیرم بردنی بۆ تەقتەق و نفوسی بەناوی خۆی بۆ دەرکردن لەلای خۆی بەخێوی کردن تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ پێش هەڵگیرسانی شەڕی ئێران-عیراق ئەم دوو کوڕە ئەوکات تەمەنیان لەنێوان ١٥-١٦ساڵی دا بوو داوایان کرد کەوا باپیرم ڕێگایان پێ بدات بگەڕێتەوە ئێران بۆ ناو خزم و کەسەکانیان بۆیە ئەویش تا سەر سنور لەگەڵیان چو بەڕێگای قەڵادزێ ڕەوانی ئێرانی کردنەوە. دیارە جگە لەمانە لەبواری شوێن پێهەڵگرتن بەهرەیەکی زۆر و توانایەکی گەورەی هەبووە وە چەندین ڕووداوی ئاشکرا کردووە کە لێرەدا بوار نیە هەموویان باس بکەین، بۆیە تەنها لەم دەرفەتە چەند

ڕووداوێك دەگێڕینەوە ئەگەر بوار هەبوو لە داهاتوو باسی ئەوانی تر دەکەین.[4]

باسی ئەوەمان کرد چۆن ئەم گوندە لەسەر دەستی ڕەسوڵ ئاغاو کوێخا سمایلی کوڕی ئاوەدان کراوەتەوە لەسەر داوای حەمە ئاغای کۆیە .دیارە پێکهاتەی ئەم گوندە بە شێوەی خوارەوەیەو لەم تیرەو هۆزو بەرەبابانە پێك هاتوون :

أ–هۆزی مەرزانەتی :کە لە پێشتر باسمان کرد چۆن چونەتە شیواشۆك وە ئاوەدان کراوەتەوە.

ب–هۆزی پالانی :ئەوانە چەند ماڵێکن بەرەی ماڵی (حەمەدی ئۆمەران)یان پێ دەڵێن .دیارە ئەمانە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی لە گوندی کونە گورگەوە هاتوون .کاتێك ڕەحمان کوڕی حاجی خورشیدی کونە گورگ چەقۆیەکی لە خدری کوڕی حاجی حەمەد دابوو بۆیە ئەوانیش لە کونە گورگ ڕادەکەن و هانا بۆ کوێخا عەلی دێنن و ئەویش بە پیریانەوە دێت داڵدەیان دەدات و هەموو کار ئاسانێکیان بۆ دەکات و چەند پیاوێك دەنێرێت بۆ ئەوەی ماڵەکانیان بێنن بۆ شیواشۆك و ڕەزامەندی ماڵی کاکە زیاد ئاغایان بۆ وەردەگرێت بۆ ئەوەی لە شیواشۆك بمێننەوە .کە تا ئێستاش هەندێکیان لە شیواشۆك دەژین و پەیوەندیان لە گەڵ خانەوادەی کوێخا عەلی لەو پەڕی باشیدایە.

[4] دادوەر هیمداد مەجید عەلی مەرزانی ، ڕۆژنامە ی (تاك) ژمارە (١٢)، کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ ، ل ٥.



CamScanner

ج-داربەسەریەکان:دیارە ئەوانە چەند ماڵێك دەبن لە بنەڕەتدا خۆشناون لە کۆتایی ساڵانی چلەکان پیاوێك لە گوندی (داربەسەر ) دەکوژن بەناوی (تەها جاندار")کە ئەم پیاوە خۆشەویستی ماڵی کاکە زیاد دەبێت وە هانا بۆ کوێخا عەلی دێنن بۆ ئەوەی شوێن و جێگایان بۆ دابین بکات و داڵدەیان بدات و بیان حەوێنێتەوە .ئەویش زۆر بە ڕێزەوە شوێن و جێگایان بۆ دابین دەکات و چەند کەسێك دەنێریۆ گوندی (داربەسەر)بۆ ئەوەی ماڵەکانیان بێنن بۆ شیواشۆك و لە شیواشۆکدا نیشتە جێیان دەکات.کاتێك کاکە زیاد ئاغا ئەوە دەزانیٚ لە دوای کوێخا دەنێریۆ پێی دەڵیٚ تۆ وات لێهات بەبیٚ ئاگاداری من پیاو کوژ بهێنیتە شیواشۆك و هەر لەویٚ نیشتە جێیان دەکەیت بەبیٚ ئاگاداری من ، کوێخا عەلیوەلامی کاکە زیاد ئاغا دەداتەوەو دەڵیٚ:دەرگای ماڵی حەمە ئاغای کۆیە بۆ هەموو کەسێك کراوەیە لەسەر پشتە بە من داناخریٚ.کاتێك کاکە زیاد ئاغا گوێی لەم قسەی کوێخا عەلی دەبێت زۆری پیٚ خۆش دەبێت دەڵیٚ:تۆ ئەوە دەزانی دەڵیٚ بەڵیٚ ئەی چۆن ، بۆیە کاکە زیاد ئاغا دەڵیٚ مادام تۆ ئەوەندە بەئەمەکی بەرامبەر بە ماڵی ئێمە تۆ هەموو دەسەلاتێکت هەیە لە گوندی شیواشۆك و چی بەباش دەزانی بیکە .بۆیە تا ئێستاش ئەم خانەوادەیە لە شیواشۆکدا ماون و خانەوادەیەکی باشن و هەموو خەڵك لێیان ڕازیین ،پەیوەندیان لە گەڵ خانەوادەی کوێخا عەلی لەوپەڕی توندو تۆڵیدایە.

د-چەند ماڵێکی دەربەندی :لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی (گەرمك /تەق تەق) بوینەو لە ساڵی گرانی ١٩١٤ هاتونەتە شیواشۆك لەبەر نەبونیو نەداریەوە وە لایەن خانەوادەی کوێخا عەلی داڵدە دراون کە ئەو کات



CamScanner

یەك ماڵ بوە بە ناوی (حەمە مستەفا)ناسراو بە (حاجی حەمە مستەفا)کەلەگەڵ کوێخا عەلی دایکیان خوشکە دایکی ناوی (جەمرە)ئێستاش نەوەکانی لە شیواشۆك دەژین وە پەیوەندیان لەگەڵ ماڵی کوێخا عەلی زۆر باشەو لەو پەڕی بەهێزیدا .

ه-دار بەڕوویەکان :چەند ماڵێکن لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی دار بەڕوون هەموویان نەوەی یەك کەسن کە کاتی خۆی لەبەر هەژاریو نەداری هاتونەتە شیواشۆك و کوێخا عەلی زەوی کشتوکاڵی پێداون بە ڕەزامەندی ماڵی کاکە زیاد ئاغای کۆیەو لەوێندەر حەواو نەتەوە ئێستاش پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ ماڵی کوێخا عەلی هەیەوە خزمایەتی ژن و ژن خوازی لە نێواندا دروست بووە.

و-وە هەروەها بەشێك لە هۆزی تاڵەبانی لە ساڵانی گرانی هاتونەتە شیواشۆك و لەشیواشۆك نیشتە جێبوون و لە لایەن کوێخا سمایل و کوێخا عەلی کوڕی حەوێندراونەتەوەو جێگاو ڕێگایان بۆدابین کراوە.ئەوانە لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندی ئەسپیندارەن ئەو کەسەی هاتوە بۆ تاڵەبان ناوی ئەبابەکر بووە پێنج کوڕی هەبووە بە ناوی ئەحەمەدو قادرو ئۆمەرو خدرو تەها ، ئەحمەد دوو کوڕی هەبووە بە ناوی ڕەشیدو تەیب کەوا تەیب لە ساڵی گرانی هاتۆتە شیواشۆك .

چەند نمونەیەك لە شاکارەکانی شوێن هەڵگرتن[5]:

[5] دادوەر هیمداد مەجید مەرزانی ، ڕۆژنامەی تاك ژمارە (١٣) شوباتی ٢٠٠٦ ، ل ٦ ، وە چاوپێکەوتن لەگەڵ هەریەك لە مەلا عوسمان شیواشۆکیو عەبدوڵڵا ساڵحی برایيو مەجید کوێخا عەلی مەرزانی وعومەر فەتاح ئیلنجاغی بۆیان گێڕامەوە .

١-مەلا قادر کاک لاو شیواشۆکی بۆی گێڕامەوەو ووتی :جارێك هەندێ لۆکەو پەمۆ لە شارۆچکەی تەق تەق دەدزرێو زۆربە دوایدا دەگەڕێن بەلاّم نایدۆزنەوە .بۆیە لە دوای کوێخا عەلیدەنێرین و ئەویش دێت بۆ شارۆچکەی تەق تەق دیارە ئەو کات بەڕێوەبەری ناحیەی ژمارەیکی خەڵکی بۆ کۆدەکاتەوەو کوێخا عەلیدەڵێ ئەوەی لۆکەو پەمۆکەی دزیوە وا لێرە ڕاوەستاوەو هەندێ لۆ کە لەسەر شانی چەپیەتی بۆ یە ئەو کەسەی دزیەکەی کردیە یەکسەر تەماشای شانی چەپی خۆی دەکات و کوێخا عەلی ئەم تێبینیە دەکات بە تەنیا لە دوای ئەو کەسە دەنێرێت کەوا سەیری شانی خۆی کرد پێی دەڵێ من دەزانم تۆ دزیوتەوە بۆیە کابرا نکوڵی دەکات و دەڵێ من نەمدزیوەو بۆ کوێخا عەلی داوا لە مدیر ناحیە دەکات بچێت ماڵی ئەم پیاوە بپشکنن کاتێك پۆلیس دەچێت بۆ ماڵی ئەم پیاوە دەبینن لە ماڵی ئەوان شاردراوەتەوە.

بۆیە کوێخا عەلی ڕوو دەکاتە دزەکەو دەڵێ پێم نەوتی دەبێ پێم بڵێی ئەگەر نا ئەوها ئاشکرات ئەکەم[٦].

٢-کاك حاجی سمکۆ حەمە بایزانی بۆی گێڕامەوەو گووتی:لەسەرەتای ساڵی پەنجاکان خەرمانی ماڵی ئێمە لە گوندی (حەمە بایزان)سووتا مەلا حەوێز ئاغا بە دوای کوێخا عەلی نارد گووتی دەبێ ئەو شوونەم بۆ هەڵبگری وە ئەو تۆمەتبارانەم بۆ بدۆزیتەوە ، کوێخا عەلی گووتی بەسەر چاو من شوونەکە هەڵدەگرم و بەشەرت تۆمەتبارانیش دەدۆزمەوە بەلاّم ئەگەر تۆمەتبارنی لایەنی ماڵی کاکە زیاد بن من هەقم نیە چونکە ئێوە

---

[6] مەلا قادر کاک لاو شیواشۆکی بۆی گێڕامەوە کە ئێستا لە ژیاندا ماوەو لە هەولێر دەژی .

ئامۆزان وە لە ماوەیەکی زۆر کەم کوێخا عەلی شوونەکەی هەڵگرت و ئاشکرای کرد.

٣-حاجی سمکۆ حەمە بایزانی بۆی گێڕامەوە :ساڵێك دوو ئێستر دزرا بوو کە هی ماڵی کاکە زیاد ئاغا بوو ئەو کاتە یەکێك بەناوی عەبدەی پۆلیس ناوی خۆی عەبدەی قادر بوو خۆی ئێسترەکانی دزیبوو وە خۆشی بە کوێخا عەلی گووت ئەگەر تۆ ئەو ئێسترانەت دۆزیوەو من واز لە ژنەکەی خۆم دێنم و ئێسترەکەی خۆم دەدەم بە تۆ بۆیە کوێخا عەلی گووتی دەنا دڵنیابە ئێسترەکان دەدۆزمەوە .بۆیە دەستی کرد بە شوون هەڵگرتن و ئێسترەکانی لە گوندی (کانی وەتمان)لە ماڵی ئامۆزایەکی عەبدەی پۆلیس دەرهێنا ، بەناچاری عەبدەی پۆلیس هانای بۆ کاکە زیاد بردوو وە گووتی ئەگەر فریام نەکەوی ئەوا کوێخا عەلی خەلاسمان دەکات[٧].

٤-عەلی ڕەسوڵی شەوگێڕی بۆی گێڕامەوە:لە دەوربەری ساڵی ١٩٦٥ ڕادیۆیەك دزرا لە ماڵی حاجی ئەسعەد شەوگێڕی کە ئامۆزامە بۆیە من چووم بە دوای کوێخا عەلی لەبەر ئەوەی دۆستی من بوو کە گەیشتمە شیواشۆك کوێخا عەلی گووتی لەبەر ئەوە ئامۆزای تۆیە دێم ئەگەر نا بەبێ وەرەقەی کاکەزیاد نایەم کەهاتین بۆ شەوگێڕ چوینە شوێنی ڕووداو کە لەسەر نەعوری ماڵی حاجی ئەسعەد بوو لەزەوی گرتکە کوڕێ. کوێخا عەلی لەوێوە دەستی کرد بە شوێن لەم لا بۆ ئەو لا لەم

---

[7] حاجی سمکۆ حەمە بایزانی کە لە دایك بووی ١٩٣٠ ئێستا لە گەڕەکی ئازادی شاری کۆیە دەژی .

کەند بۆ ئەو کەند تا شونەکەی بردە سەر خەرمانی ماڵی (.........)لە دارکەران لەسەر خەرمان چەند کەسێك ڕاوەستابوون کوێخا عەلی گووتی حەزدەکەم ڕادیۆکەمان بدەنەوە ئەگەر نا دەزانم کێ بردویەتی.بۆیە یەکێك لەوانەی لەسەر خەرمانەکە بوون منی جیاکردەوەو ووتی دەنگ مەکەن من بردومەوەو ڕادیۆکەتان بۆ دەگێڕمەوە ئێوە بڕۆن دانیشن وە پێش ڕۆژئاوا ئەم پیاوە ڕادیۆکەی بۆی هێنامەوە وە من خۆشم لەگەڵ کوێخا عەلی هاتمەوە شیواشۆك .

٥-عەلی ڕەسوڵ شەوگێڕی بۆی گێڕامەوە :لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ خەرمانی ماڵی حاجی خدر ئاغا لە زەوی درکە سوتێنرا لە شەوگێڕ ، بەیانی زووم چووم بە دوای کوێخا عەلی لەگەڵ خۆم هێنام بۆ گوندیو ووتی لامەدە هیچ شوێنێك ڕاست بچۆ سەر خەرمانەکە ، کە گەیشتینە شوێنی ڕووداو دەستی کرد بە شوێن هەڵگرتن و دوای گەڕان سوڕانێکی زۆر شونەکەی بردە هەوێزی (کورتەك)کە قاپوتێکی شوانی لەو هەوێزە فرێدرابوو . کوێخا عەلی گووتی خاوەنی ئەم قاپووتە خەرمانە کەی سوتاندووە کە خاوەن قاپوتەکەمان بانگ کرد ووتی ڕاستە من سوتاندوومە لەبەر ئەوە ساردیو ناکۆکی لە نێوانمادا هەبوە ،بۆیە هەر لەوێ کێشەکەمان چارەسەر کرد بە شەش عەلبە گەنم و بیست ڕەشکە کا .

٦-عەلی ڕەسوڵ شەوگێڕی بۆی گێڕامەوە: کوێخا عەلی خۆی بۆی گێڕامەوەو گوتی :جارێك کاکە زیاد ئاغا کاغەزی بۆ ناردم کەوا بچمە گوندی (مێووژەوباسەڕە)چونکە هیزە ڕۆنێك دزاوە .بۆیە منیش لەسەر داوای کاکە زیاد چووم وەدەستم کرد بەشوێن هەڵگرتن و تا گەیشتمە

هۆبەماڵێک لەوێ یەکێک لە کەپرەکانم دەست نیشان کرد کە هێزە ڕونەکەیان بردۆتە وێ.وە کە خاوەن کەپرەکەمان بانگ کرد ووتی ڕاستە من بردومەوەو بەڵام دەیگێرمەوە بۆتان[8].

٧-کاك شێخ جەنگی تاڵەبانی بۆی گێڕامەوە:جارێك تفەنگێك لە گوندی (قەلاوە )کە گوندێکە لە نزیك سەنگەسەر دزرابوو دوای ئەوەی هاتن کوێخا عەلی برد دەستی کرد بە شوێن هەڵگرتن توانی دزەکە بدۆزێتەوە کە برازایەکی خۆی تفەنگەکەی دزیبوو دراوسێیان بوو[9].

٨-مەلا قادر کاك لاو شیواشۆکیوعەلی ڕەسوڵ شەوگێڕی بۆیان گێڕامەوە : کوێخا عەلی خۆی بۆی گێڕامەوە گووتی جارێك کاکە زیاد ئاغای کۆیە کاغەزێکی بۆی ناردم بۆ ئەوەی بچم لەگەڵ کەسێك کە هەندێ پارەو زێڕی لێدزراوەو لە ناوچەی بیتوێن ووتی کە گەیشتمە شوێنی ڕووداو پاش گەڕان سوڕانێکی زۆر هیچ شونێکم بەدی نەکرد بۆیە شك و گومانم کەوتە سە ر ئەندامانی ئەو ماڵەو داوام لە خاوەن ماڵ کرد ئەندامانی خێزانەکەیم بۆ ئامادە بکات پاش سەیرکردنی چاوی ئەندامانی ئەم خێزانە بۆم دەرکەوت کەوا بوکی خاوەن ماڵەکە پارەی دزیوەو بۆیە بوکەکەم جیاکردەوەو پێم ووت من دەزانم تۆ ئەو

---

[8] عەلی ڕەسول شەوگێڕی تەمەنی نزیکەی (٦٠)ساڵ دەبێ و ئێستا لە ژیاندا ماوەو لە گەڕەکی شەوگێڕاوەی شاری کۆیە نیشتە جێیە .

[9] شێخ جەنگی تاڵەبانی خەڵکی شاری کۆیەیەو تەمەنی لە سەرووی حەفتا ساڵ دەبێت ئێستا لە گەڕەکی جەمعیەی شاری کۆیە نیشتە جێیە .



CamScanner

پارەت دزیوە ئەگەر ڕاستم پێم بڵێی ئەوا ئاشکرات ناکەم ئەویش ووتی من دزیومەو تخوا ناوم مەڵێ .

٩-مام عیسۆن لە هەرمۆتە بۆی گێڕامەوە کانەبی باروئاغا ئێسترێکی لێدەدزرێ و داوا لە کاکە زیاد ئەکات کەوا بکات کوێخا عەلی بچێت بۆ شوێن هەڵگرتن کاتێک کوێخا عەلی دەچێت دەست ئەکات بەشوێن هەڵگرتن و ئێسترەکە ئەدۆزێتەوەو دزەکە ئاشکرا ئەکات .کانەبی باروئاغا دەڵێ کوێخا عەلی مەچۆوە گوندێکت ئەدەمێ و لە سنوری ئێمە دانیشە ئەویش ئەڵێ من بە گوندێکی کاکە زیاد تێر نەخۆم بە گوندێکی تۆش تێر ناخۆم[10].

١٠-سەلیم حەسەن مەرزانی بۆی گێڕامەوە:لە ساڵانی پەنجاکان هەندێ مەڕی (ئەحمەد مام عەولا کەڕ)دزرابوو لە گوندی مەرزان چوون بە دوای کوێخا عەلی بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەیەکی بەسەر چوو بوو شوون دیار نەمابوو بەڵام خەڵکی مەرزان گووتیان شک و گومانمان لە شیواشۆکە .بۆیە کوێخا عەلی هەموو شوانەکانی شیواشۆکی کۆکردەوەو دوای سەیر کردن بۆی دەرکەوت کە شوانێك مەڕەکانی دزیبوو بە ناوی (حەسەن حەمەدی ئۆمەران)کە کوێخا عەلی بانگی حەسەن حەمەدی ئۆمەران دەکات دەڵێت بۆ ئەو مەڕانەت بردووە ئەویش دەڵێ من بە

[10] عیسی کەریم ناسراو بە عیسۆن خەڵکی گوندی هەرمۆتەیەو لە ژیاندا ماوەو تەمەنی حەفتا ساڵ دەبێت .



CamScanner

تەنیا نیم و (ڕەحمانی حاجی حەسەن)م لە گەڵدایەو ڕەحمانیش ووتی ڕاستەو بردومانەو مەڕەکانیان گێڕایەوە بۆ مەرزان[11].

١١-شەریف حەسەن بۆی گێڕامەوە:ووتی جارێك قادرحەسەن مەرزانی کە برام بوو مڕێکی لە حسێن حاجی حەمەد ئۆمەران دزیبوو بۆ تۆڵەکردنەوەی خۆی کە کاتی خۆی حەسەنی برای حوسێن دزیکردبوو لە زەوی ڕەشان کە دەکەوێتە نێوان هەرسێ گوندی مەرزان و شیواشۆك و ئیلنجاغی گەورە وە ئاگاداری کوێخا عەلی دەکەن و شوێنی هێنا بۆ گوندی مەرزان ئەو کاتە شێخ بایزی باقلان بەسەردان هاتبووە مەرزان باوکم بەرەو پیری کوێخا عەلی چوو ووتی بزانە چیبووە گووتی قادری کوڕت مەڕێکی دزیوە پاش تاقیب کردن قادر گووتی بەڵێ من دزیومەوە مەڕەکەیان بردەوە بۆ شیواشۆك[12].

١٢-مەلا عوسمان شیواشۆکی بۆی گێڕامەوە :لە گوندی پیرەر بڕنەوەك دەدزرێ‌و بە دوای کوێخا عەلی دا دێن و ئەویش دەچێت بۆ شوون هەڵگرتن کە سەیری دەکات ئەو ماڵە سێ کەس بوون باوك و کوڕو بووك .بۆیە کوێخا عەلی بیر دەکاتەوە دەڵێ هەبێ‌و نەبێ بوکەکەیان دزیویەتی وە قسە لەگەڵ بوکەکەیان دەکات و باوك لە خۆی نادزێ‌و کوڕ لە باوکی

---

11 سەلیم حەسەن مەرزانی خەڵکی گوندی مەرزانەو تەمەنی لە سەرووی شەست ساڵ دەبێت و ئێستا لە گەڕەکی شەهیدانی شاری کۆیە نیشتە جێیە.

12 شەریف حەسەن مەرزانی خەڵکی گوندی مەرزانەو تەمەنی پەنجا ساڵ زیاترەو ئێستا لە کۆیە نیشتەجێیە.

نادزیٚ و بەلاٚم تۆ دزیوتە .بۆیە بوکەکەیان دەڵێ ڕاستەو من دزیومەوەو شاردومەتەوەو دەیهێنێتەوە بۆ غەزووری.

١٣-مەحمود ئاغا کاکە زیاد بۆی گێڕامەوە :گوتی پیاوێکی گوندی تاڵەبان بە ناوی (حەمەی کەریم)قاچاغی توتنی دەکرد و پۆلیس دێتە سەر ڕێگای بۆ ئەوەی بیگرن ئەویش زۆر تکاو ڕجا دەکا کە ئەو جارە نەیگرن و توتنەکەی لێنەسێنن بەلاٚم پۆلیسەکە ڕازی نابێت بۆیە ئەویش بە ناچاری پۆلیسەکە دەکوژێت دیارە ئەو کات پۆلیس بە دوای کوێخا عەلی دا دێن و بۆ ئەوەی شوونەکە هەڵبگرن و بزانن کێ ئەو پۆلیسەی کوشتوە . کوێخا عەلی شوونەکە هەڵدەگریٚو دەیبات بۆ گوندی تاڵەبان بەلاٚم لە نزیك گوند دەڵێ با پۆلیس کاری خۆی بکات چونکە نایەوێ ئاشکرای بکات بەلاٚم خۆی بە حەمەی کەریم دەڵێت تۆ کوشتوتە بەلاٚم لەبەر خاتری مەحمود ئاغا ناوت ناڵێم چونکە بە مەحمود ئاغام گووت حەمەی کەریم کوشتویەتی ووتیدەنگ مەکە.ئەم پیاوە تامرد بە چاوی ڕێزەوە سەیری کوێخاعەلیدەکرد خۆی بە قەرزاری دەزانی و پەیوەندیەکی توندو تۆڵ لە نێوانیاندا هەبوو[13].

١٤-مەلا عوسمان شیواشۆکی بۆی گێڕامەوە :جارێك لەبەری مەرگە هاتنە دوای کوێخا عەلی وەرەقەی قایمقامیان پێبوو ئەویش دەچێت لە گەڵیان کە دەگاتە گوندەکە دەیبەن بۆ دیوەخانی ئاغا دیارە ئەم ئاغایە پیاوێکی بێ ڕێز دەبێت بۆیە هیچ تەکلیفی لێناکات و پێی دەڵێ کاکی

---

[13] بە تەلەفۆن قسەم لە گەڵ کاك مەحمود ئاغای کاکە زیاد کرد لە ڕۆژی ٢٠٠٥/١٢/١٧ ئێستا ناوبراو لە ولاٚتی سوید دەژی.

گەرمێنی ئەگەر ئەو پارەو زێڕەی دزراوە نەیدۆزیوە هەموو قەلبت دەشکێنم بەلأم ئەگەر بیدۆزیەوە خەلأتت دەکەم.بەلأم کوێخا عەلی دەڵێ ئەگەر خوا پشتیوان بێت دەیدۆزمەوە ئەگەر نا من لە عەبدێکی قون بە گوو ناترسێم .دیارە زیاتر لەبیست کەس لەسەر ئەم دزیە گیراون .دیارە ئەم پارەو زێڕە لە ماڵێك دەبێت لە ژووری ناوەڕاست و لە ناو باولێك دەبێت خاوەن ماڵ سێ کوڕی دەبێت کە دوانیان ژنیان هێناوە یەك کوڕی ماوە ژن بهێنێت لەگەڵ یەك کچی عازەب ، کوێخا عەلی دەڵێ من سەیری دەم و چاویان بکەم دەزانم کێ دزیویەتی‌و بەلأم دایك و باوك فت بەلأم لە کوڕو کچ و بوکەکان دەرنەچووەو بۆیە منداڵەکان جیا دەکاتەوەو پێیان دەڵێت من بەسەیرکردنی چاویان دەزانم کێ بردویەتی پاش سەیرکردنیان تەنها ئەو کوڕەی ژنی نەهێناوە ناتوانێت سەیری چاوی کوێخا عەلی بکات بۆیە دەڵێت تۆ دزیوتە ،ئەویش دەڵێ وایەو پارەو زێڕەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ باوکی ئاغای خاوەن دیوەخان تەلأق دەخوات دەڵێ کابرای گەرمێنی کەرامەتی هەیە.

١٥-حاجی سمکۆ حەمەبایزانی بۆی گێڕامەوە:لە ساڵی ١٩٥٩ پیاوێك بە ناوی بابە شێخ کاکی هیرانی گوللەیەکی لەدەست دەرچوو لە قۆڵی خۆیداو بەلأم بە مل گوندی حەمە بایزانی داهێنا ئەم بابەشێخە ووتبووی پیاوێك بریینداری کردووم خەڵکی گوندی حەمە بایزانە لەم ڕۆژدا ژنێك لە گوندی حەمە بایزان دەستی بریندار دەبێت بەناوی (ئەصلان) تا کۆیە خوێنی لێدێت .کاتێك شوونی کوێخا عەلی هێنا بۆ شوێن هەڵگرتن بە دوای ئەو خوێنەدا ڕۆیشتن بەلأم کوێخا عەلی ووتی ئەم شوونە شوونی ژنەوە بۆیە خوێنەکە لەگەڵ ئەم شوونە ڕۆیشتوە

بۆیە دەبێت ئەم خوێنە هی ژنەکە بێت ، وەژمارەیەکی زۆر خزمانی حەمەبایزان گیرابوون نزیکەی دوو مانگ ماینەوە دوای بابەشێخ خۆی هات و گووتی کوێخا عەلی ڕاست دەکات و من خۆم لە خۆم داوەو ئەو خوێنەش هی دەستی ئەو ژنە بووە هاتووە بۆ کۆیە .

١٦–سولەیمان حەمەد مەرزانی بۆی گێڕامەوە گووتی: جارێك هەندێ پارەو زێڕو خشڵ لە پیاوێکی دەوڵەمەندی بلباس دەدزرێ ئەویش هات بۆ شیواشۆك و داوای لە کوێخا عەلی کرد لە گەڵی بچێت و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە کوێخا عەلی چوو کە دەگاتە گوندەکە سەیر دەکات هیچ شوێنەوارێکی لە دەوری گوندی بەدی ناکرێ بۆیە هەموو ئەندامانی ماڵەکە کۆدەکاتەوەو بە ژن و کوڕو کچ و بوکەکانەوە پاش سەیر کردنیان دەبینێت یەکێك لە بوکەکان دەم وچاوی شێواوەو تێك چووەو لە بارێکی نائارامیدایە کوێخا عەلی داوا دەکات لە بوکەکە ئەو پارەو زێڕەی بردویەتی بیگێڕێتەوە بۆ غەزووری ئەگەر نا ئاشکرای دەکات ئەویش دەڵێ بەسەر چاو ،بەلاَم دەبێ وابکەی غەزوورم عەفوم بکات بۆیە کوێخا عەلی ڕوو لە خاوەن ماڵ دەکات دەڵێ هەموو پارەو زێڕەکەم دۆزیوە بەلاَم دەبێ بەڵێنم پێبدەی ئەو کەسەی بردویەتی عەفوی بکەی ئەویش بەڵێنی پێدەدا بوکەکە پارەو زێڕەکە دەگێڕێتەوە غەزووری لەبەر خاتری کوێخا عەلی عەفوی دەکا[14].

[14] سلێمان حەمەد مەرزانی خەڵکی گوندی شیواشۆك و تەمەنی نزیکەی حەفتا ساڵ دەبێت لە گەڕەکی کورانی شاری هەولێر نیشتە جێیە .

١٧-شێخ عومەری کوڕی شێخ بایزی پاقلان بۆی گێڕامەوە:گووتی چایەخانەیەك هەبوو لە گوندی (پوکەی)سەر بەناحیەی چوار قوڕنە هی پیاوێك بوو بە ناوی سمایل ، ئەم دوکانە بڕدراو ڕادیۆیەك و هەندێ پارەی تێدا دزرا نزیکەی بیست تا سی دینار دەبوو لەگەڵ هەندێ کەل و پەلی تر .سمایلیسوارە ئاغا کاغەزێکی بۆ کاکە زیاد ئاغای کۆیە نارد بۆ ئەوەی کوێخا عەلی بنێرێ بۆ دۆزینەوەو ئاشکراکردنی ئەم تاوانە کە کوێخا عەلی هات بۆ ماڵی سمایلی سوارەغا لە دوای مذینارد (شێخ عومەر) منیش لە گەڵی چووم سمایل ئاغای سوارەغا ووتی کوێخا عەلی من گەورەی ئەم ناوچەیەم کەس ناتوانێ قسەی ناشیرین بە تۆبڵێ گرنگ ئەوەیە بیدۆزیەوە.دیارە دوای گەڕان و سوڕانێکی زۆر کوێخا عەلی شوونی هەڵگرت و بردیە سەر یەکێك بە ناوی (مەحمود ئەحمەد)سەردۆڵی کە ناسرابوو بە مەحمود سێ تیر کە پیاوی سمایل سوارەغا بوو مەحمود سێتیر هەموو کەل و پەلەکانی هێنایەوە لای من و ووتی خاڵە شێخ دەبێ بیبەیەوە بۆ سمایل سوارەغا منیش بردمەوە لای ناوبراو ئەم ڕووداوە لە ساڵەکانی ١٩٦٢ بۆ ١٩٦٣ بووە[15] .

١٨-هەریەك لە جەمال کاکە ئەحمەد بەگی دارەشمانەو عەبدوڵا دەوەن کوڕی کوژراو وە بەکر بایز بۆیان گێڕامەوە:لە ساڵی ١٩٥٨ لە گوندی (گربداخ)لە شاری قەڵادزێ پیاوێك کوژرا بە ناوی (پیرۆت ئەحمەد پیرۆت) ناسراو بە پیرۆت دەوەن کە کوێخای ئەمین ئاغای میر ئاودەلی

[15] شێخ عومەر کوڕی شێخ بایزی باقلان تەمەنی لەسەرووی شەست ساڵ دەبێت و ئێستا لە ژیاندا ماوەو لە شاری ڕانیەدا نیشتە جێیە.

بوو ئەوانیش هانا بۆ کاك ئەحمەدی دارەشمانە ئەبەن بۆ ئەوەی هەوڵ بدات کوێخا عەلیان بۆ بێنێت بۆ دۆزینەوەو ئاشکراکردنی ئەم تاوانە بۆیە کاك ئەحمەدی دارەشمانە لە ڕێگای دۆستێکی خۆیەوە دەچێت بۆ شیواشۆك کوێخا عەلی لەگەڵ خۆی دەهێنێت بۆ شوون هەڵگرتن کە دەچنە شوێنی ڕووداو کوێخا عەلی دەست ئەکا بە شوێن هەڵگرتن تا شوونەکە دەبات بۆ گوندی (تەنگژە) ئەو شوونە هی دوو کەس دەبێت دەیبات بۆ ماڵێك پاش پرسیار کردن لە ژن و منداڵی ئەو ماڵە ناوی ئەو دوو کەسە وەرئەگرن وئینجا لەوێوە شوونەکە ئەبەن بۆ گوندی (گربداخ)و دەچنە دیوەخانی ئەمین ئاغای میر ئاودەلی لەوێ پێش دانیشتن سەیری پێلاوی هەموو ئەو کەسانە ئەکات کەوا لە دیوەخانەکە دانیشتون کوێخا عەلی یەکێك لە پێلاوەکان دەست نیشان دەکاو دەڵێ ئەمە پێلاوی قاتیلەکەیە ئەوانیش چاوەڕێ ئەکەن تا خەڵکەکە هەڵئەستێ دەبینن ئەو کەسەی پێلاوەکە لە پێ ئەکا هەمان ئەو کەسەیە کە لە گوندی تەنگەژە چۆتە ئەو ماڵە،بەلام پاش چەند ڕۆژێك جارێکی تر کوێخا عەلی هێنایەوەو شونەکەی هەڵگرت ئەم جارەش وەکو جاری پێشوو لە (وەستا سلێمان)کە شوێنی ڕوودانی تاوانەکە بوو بۆ گوندی تەنگژەو بۆ گوندی گربداخ بۆ بانوی پێماڵك ئینجا جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ گوندی گربداخ ،بەلام چۆمێك لە نێوان وەستا سلێمان و پیماڵك دایە دەپەڕنەوە کوێخا عەلی داوا دەکات دەڵێ ئاوی ئەم چۆمەم بۆ ووشك بکەن کاتێك پێش ئاوەکە ئەگرن چۆمەکە ووشك ئەبێت

کوێخا عەلی وەرن تەماشا کەن هەمان شوون لە ناو چۆمەکەش دەرچووە[١٦].

١٩-شێخ عەلی شێخ حەمەصالح تاڵەبانی بۆی گێڕامەوەو گوتی لەساڵی ١٩٧٩ خەرمانێك لە گوندی کەلکان سوتا و شێخ جەنگی مامم منی نارد بەدوای کوێخا عەلی بۆ ئەوەی بزانێ کێ ئەم خەرمانەی سوتاندوە، کە گەیشتمە شیواشۆك کوێخا عەلی گوتی مادام کوڕی شێخ حمەصاڵح بیءو شێخ جەنگی تۆی ناردبێ دێم لەگەڵت ئەگەر نا بەبێ وەرەقەی قائیمقام یا پۆلیس یا ماڵی کاکەزیاد نایەم. کەچوین بۆ گوندی کەلکان ووتی من نایەمە ناو گوند و نان ناخۆم یەکسەر بمبەنە سەر خەرمانەکەو بۆیە چوین بۆ شوێن ڕووداوەکەو دەستی کرد بەگەڕان و سوڕان و دوای چەند کاتژمێرێك شوێنەکەی هێناوبردی بردیە بن کەپرێك و کەچەند پیاوێك لەژێر ئەم کەپرە دانشتبون تەماشای پێڵاوەکانیانی کردو ووتی خاوەنی ئەم پێڵاوەی خەرمانەکەی سوتانوە کە پیاوێك بوو بەناوی (ح) کە خەرمانی ئامۆزای خۆی سوتاندبوو لەبەر ئەوەی بە پارەی ئەم ئامۆزایەی ژنی هێنابوو نەی بوو پارەکەی بداتەوە ئەویش داوای پارەکەی ئەکردەوە بۆیە لە ڕکی ئەمە خەرمانەکەی سوتاندوە[١٧].

---

[16] جەمال کاك ئەحمەد بەگی دارەشمانە تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵ دەبێ ئێستا لە دارەشمانە دەژیءو عەبدڵڵا دەوەن تەمەنی لەسەرووی چل ساڵ دەبێ لە شاری قەڵادزە نیشتە جێیە بەکر بایز بەڕێوەبەری ئاسایشی قەڵادزێ ئێستا لە قەڵادزێ دەژی .

[17] کاك شێخ عەلی شێخ حەمە سالح تاڵەبانی بەرپرسی مەڵبەندی (١٤)ڕێکخستنی کۆیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

٢٠-جارێـك هەنـدێك مـەڕی مـەحمودئاغای كاكـەزیاد ئاغـا لەگونـدی هەرمۆتـە لای پیـاوێكی دیـان دەبێـت یـەكێك دەچـێت شـەش مـەڕیان دەدزێت و مەحمودئاغا لەدوای كوێخا عەلی دەنێرێت و دەڵێت دەبێ ئەم مەڕانەم بۆ بدۆزیتەوە ئەویش دەستئەكا بە شوێن هەڵگرتنی مەڕەكان و لەگەڵ ئەوەی دزەكە مەڕەكانی لەهەندێك شوێن بردبوە سەر جادای قیر بەڵام تـەنیا بە قشپل و میز تـوانی بووی بـەدوای شـوێنەكەدا بڕوات و بیباتـە ئەو شـوێنەی مـەڕەكانی لێ سـەربڕاوە كـە لـەژێر كـەپرێك دەبێـت، داوا لەو پۆلیسانە دەكات كە لەگەڵی دابوو ئەو كەپرە بپشكنن ئەوانیش كەپرەكە دەبشكنن و دەبین پێنج مەڕ سەر بڕاوەو لەناو فەردە كراوە و لەسەر هەرزارە دانراوە وەمەنجەڵێك لەسـەر ئاگر دەكوڵێت دەبینن ئەوا جگەر و گۆشتی مەڕەكانەو كابرای كە مەڕەكانی بردووە دەچێتە كۆیە یـەكێك لەمـەڕەكانی بـردووە بـی فرۆشـێ بۆیـە (ڕ) سـێ ساڵ حـوكم دراو ئێستاش لەژیاندا ماوە، دیارە ئەمە بەشێكە لە بەهرەمەندی ئەم پیاوە بەتوانایە لەگەڵ ئەوەی خوێندەواری نەبووە[١٨].

[18] مەجید كوێخا عەلی مەرزانی لە دایك بووی ١٩٣٩ ئێستا لە شاری كۆیە نیشتە جێیە ، ساڵح حەمەد مەرزانی تەمەنی نزیكەی حەفتا ساڵەو لە هەولێر نیشتەجێیە.



CamScanner

# قسە نەستەقەکانی کوێخا عەلی

دیارە کوێخا عەلی کۆمەڵێك قسەی خۆش و نەستەقی بەبەردەوام لەسەر زار بوو کە بە بەردەوام دەیگوتەوە چونکە پیاوێکی قسە خۆش و خۆش مەشەرەب بوو بۆیە بە پێویستی دەزانم کەوا هەندێك لە قسەکانی بخەمە ڕوو :

١-حدودیان ناڵ دەکرد بارگیر کلکی بلند دەکرد.

دیارە مەبەستی لە حدود جۆرە ماینێکی ڕەسەنە ،بەلام بارگیر جۆرە ماینێکی پیرو بێ کەڵکە.وە ناڵ پارچە ئاسنێکە لە سمی وولاخ دەدرێ لەوە رزی هاویین لە پێناوی پاراستنی سمی وولاغ.دیارە مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە کاتێك خەلاتی پیاوێکی ماقوڵ دەکرێ پیاوێکی بودەڵە دەست لە سینگی دەدات و دەڵێ ئێمە خەلات کراین ئەو خەلاتە بەبەرهەمی خۆی دەزانێ.

٢-زاڵم هەی زاڵم گاش بدەم و بەفریش بماڵم .

دیارە ئەم قسەیە کاتێك دەکرا کەوا یەکێك زوڵم و ستەمی لە یەکێکی تر بکردبایە بۆیە دەگێڕنەوەو دەڵێن ڕۆژێك پیاوێکی ئاغا داوا لە یەکێك لە دانیشتوانی گوندەکەی دەکات و دەڵێ :دەبێ بێی بەفری سەر بانەکەم بماڵی ئەویش زۆری پێناخۆش دەبێت و دەڵێ ئاغا من گایەك دەدەم بەلام بەفرم پێ مەماڵە.ئەویش دەڵێ باشە گایەکەی لێ وەرئەگرێو پاش

چەند ڕۆژێك جارێكی تر بانگی ئەكاو بەفری پێدەماڵێ ئەویش لەسەر بانی خانوەكە لە كاتی بەفر ماڵین دەڵێ"زاڵم هەی زاڵم گاش بدەم و بەفریش بماڵم ".

٣-كوێخا عەلی زۆر ڕكی لە پیاوی ڕەزیل و بودەڵە دەبۆوە بۆیە پێی دەگوتن "بیخۆن دەنا گانكەر و گاندەر دەیبەن"واتە كچ و كوڕەكانتان دەیبەن.

٤-كوێخا عەلی كاتێك قازانجی بكردبا یا برە پارەیەكی بهاتبایە دەستی دەیگووت"كەریم ناردی"واتە خودا ناردی.

٥-زۆرجار كوێخا عەلی دەیگووت "دین سز ئیمان سزی گەرەكە"مەلا عوسمان شیواشۆكی بۆی گێڕامەوە كەوا جارێك خۆی لەگەڵ كوێخا عەلی لە گوندی مەرزان دەگەڕێنەوە بەلاّم یەكێك بەناوی (غ.ح.پ)تفەنگیان بەسەردا داوێ ئەویش دەڵێ مەلا عوسمان ئەم تفەنگەیان بەسەر ئێمەدا هاوێشت مەلا عوسمان دەڵێ قەیناكە خۆت بێدەنگ كە ،بەلاّم چەند جارێك دووبارەی دەكاتەوە چەند فیشەكێكی تریان بەسەردا داون بۆیە كوێخا عەلی دەڵێ مەلا عوسمان "دین سز ئسمان سزی گەرەكە"دادەنیشێت و كەو كوژی تەقە لە (غ.ح.پ)دەكات و لەسواری ئەسپ فڕێ ی دەداتە خوارەوە دەگەنە سەری و ، بەلاّم هیچ فیشەكی بەر نەكەوتوەو داوای لێبودرن دەكات و ئەوانیش دەیبوورن.


٦-كوێخا عەلی زۆر جار دەیگوت"كەر فێرە جۆ نەبوو جۆیان بۆ دەبرد هەڵ دەهات"دیارە مەبەستی لەم قسەیە ئەوەبووە كەوا ئینسانی نەدیتكە كاتێك شتێكی دەكەوێتە دەست نازانێ هەڵس و كەوتی لەگەڵدا بكات و چۆن بەكاری بهێنێ.

٧-کوێخا عەلی لە کاتی زەماوەندو مەولود خوێندنەوە دەیگوت "بخۆن هەموو ڕۆژێك نۆ کفتە بە عانەیەك نابیٚ"دیارە مەبەستی ئەوەیە کە دەبێت مرۆڤ داییم حسابی پاشە ڕۆژ بکات و هەموو ڕۆژێك هەبوو نابێت.

٨-یەکێك لە قسەکانی تری ئەوەبوو دەیگووت "گانی ئاغا ژن بە بەر حەقی شوانی ناکەوێت".

٩-یەکێك لە قسەکانی تری ئەوەبوو دەیگوت"نێرەکەر بە تەنگ ماکەرەوە نیە".

١٠-گا ڕەش جووت دەکات بە ملان و ماکەریش دەیخوات بە تەنەکان[١٩].


ئۆمەر ئاغا
حمه ئاغا
رسول ئاغا
کوێخا ئیسماعیل
کریم
کوێخا علی
خالند
قادر
خدر
رسول
رحمن
حمید
أسعد
مجید
جەنگی
کاك کۆسرەت
ئازا
ئارا
شەهید ریباز
شەهید ئاراس
شەهید پیشرەو
دەرباز
شالار
شاکیو
شێرزاد
سەنگەر
سەرباز
رابەر
زیدار
کاروان
هاوکار
هەنگاو
زیاد
هاوتا
علی
حاکم هیمداد
شۆزان
باهوز
تیمور
سەردار
ئیسماعیل
سالار
شڤان
هیلیڤان
شالاو

# بەشی دووەم



## کوێخا عەلی لە ڕوانگەی ڕۆشنبیرو نوسەرو شاعیراندا

بە پێویستمان زانی ڕاو بۆچونی ڕۆشنبیران و ڕووناکبیران و نوسەران و شاعیران و وەک خۆی بنوسینەوە کە لە گۆڤارو ڕۆژنامە جیا جیا کان بلاّو کراونەتەوە وەک ڕێز لێنانێک بۆ خاوەنی ئەو قەڵەمە ڕەنگینانەی کە لەسەر تواناو لێهاتوویی بلیمەتی باپیرمیان نووسی بۆیە بەشێکی تایبەتم تەرخان کرد بۆ ئەو قەڵە ڕەنگینانە کە یەک لە دوای یەک لەم بەشەدا دەیخەینە ڕوو .

# عەلی شوون هەڵگر

کەریم شارەزا/هەولێر

عەلی شوون هەڵگر پیاوێکی زیرەك و هۆشیار بوو ، فەراسەتێکی بە هێزی هەبوو لە شوێن پێ هەڵگرتنی تۆمەتباران .دزو پیاو کوژان زۆر لێی دەترسان چونکە بە گوێرەی شوێن پێیان دەیدۆزینەوەو دادگا حوکمی دەدان و بەم کارەیشی یارمەتیەکی باشی دادگای دەدا بۆ کەشفی تاوان.کاتی خۆی من لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوودا قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم و تەمەنم دوازدە سێزدە ساڵان بوو .دزییەك لە گەڕەکی بەفری قەندی کۆیە لە کوچەی دیانەکان کرابوو ،دز ماڵی جۆلایەکی دیانیان بڕیبوو و چەند جاجم و بەرماڵێکی بەنرخیان بەشەو دزیبوو .بۆ بەیانی ناردیان بە شوێن مام عەلی شون هەڵگرو لە شیواشۆکەوە هات و هەر لە ماڵی کابرای جۆلاوە شوێن پێی کابرای دزەی هەڵگرت تاکو هاتە بەردەم شێخی شێخ موسڵی پیاو چاك ،ئینجا بەناو عاردەکانی ڕەزی میرانی مستەفا ئاغای حەوێزی باوکمدا ڕۆیشت کە ئێستاکە ئەو شوێنە کراوەتە پارێزگای هەولێر لە کۆیەو بەنزینخانەو گەراج و ئینجا شوێنەکەی بردە بەردەم قۆنگری سەرشاخان و لەوێوەش بەرەو کۆنە قەلات چوو تاکو بەردەم ماڵی

كابرای دزەو لەوێشەوە گووتی من تاكو ئێرەم هێناوە ئیدی با پۆلیس كاری خۆی بكات و دادگا لێتۆژینەوە لە گەڵ خەڵكی ئەو ماڵە بكات.مام عەلی شوون هەڵگر دەیتوانی لەسەر شاخیش شوێن پێی تاوانباران هەڵگرێ چونكە خاوەن سەرنجێكی تیژ بوو و بە دەیان بەڵكو بە سەدان تاوانی دزی كەشف كردووە دادگاو پۆلیسیش متمانەیان پێ دەكرد ،چونكە بەسەرنجی تیژی تاوانەكەی بۆ ئاشكرادەكردن و دەیزانی تاوانبارەكان چەند كەس بوون ، یەكێك بوون یاخود چەند كەسێك و دەشی زانی تاوانبار ڕاستەو ڕاست ڕۆیشتووە یاخود بازنەیی چەند جارێك لەو ناوە سوڕاوەتەوە بۆ شوێنەوونی تاكو كەسی مەعلانی وەك عەلی شوون هەڵگر لێی تێك بچێ و شوێن پێیان بە ئاسانی هەڵنەگرێ كەچی ئەم هەر دەیدۆزینەوە.[1]

---

[1] ناوی تەواوی كەریم مستەفا حەمەد حەویزییە ، ساڵی ١٩٢٨ لە كۆیە هاتۆتە دنیاوە،خوێندنی ناوندی لە كۆیەو خانەی مامۆستایانی لە بەغداد تەواو كردووە ،مامۆستا بووە لە كۆیەو شەترەو مەخمورو هەولێر ، بەسەدان بابەتی جیاجیای لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارە كوردیەكان بڵاو كراوەتەوە ئەندامی یەكێتی نوسەرانی كوردە.چاپكراوەكانی نوسەر ئەمانەن:كۆیەو شاعیرانی لێكۆڵینەوە ، ڕێگەی دوور شیعر ، حاجی قادری كۆیی لێكۆڵینەوە.،ناڵیو زمانی ئەدەبی یەكگرتووی كوردی لێكۆڵینەوەو چەندین چاپكراوی تریش.

ئەم بابەتە بڵاو كراوەتەوە لە لاپەڕە (٥)ڕۆژنامەی (تاك) ژمارە (١٣)ی كانونی دووەمی ٢٠٠٦.

# نامەیەکی دڵزاری شاعیر بۆحاکم هیمداد



دڵزار

**برای بەڕێز وهێژا حاکم هیمداد**

**سلاَوێکی برایانە**

نامەشیرنەکەتان لەگەڵ تاکێک لە (تاک)ی تاقانەی تەق تەق پێگەیشت وسوپاستان دەکەم بەتەمای بەردەوام بوون وگەشەکردنی (تاک) م جێی دڵخۆشیە کەتەق تەق وا بەهەنگاوی گورج ودرێژ بەرەو ژیانی شارستانی وکامەرانیدا دەڕوات .

کارێکی زۆر پیرۆزە کەسایەتی خاڵە عەلی شوێن هەڵگر بژێنینەوە و کەشایەنیەتی

من لەسەرەتای سالاَنی ٣٠ ، سەدەی ڕابردووەوە کەتەمەنم هێشتا هەر ١٤ –١٥ سالاَن بوو ناوی خاڵە عەلی شوێن هەڵگرم بیستووە کەجارجار لەماڵی ئێمە باسی کارامەیی وبەهرەمەندی ئەم پیاوە هەڵکەوتووە دەکرا . جارێک باسی ئەوم گوێ لێ بوو کە شوێن پێی دزێکی هەڵگرتووە تا گەیشتۆتە سەرئاوی زێو لەوێ شوێنەکەی ون بووە بۆیە دەچێتە ئەودیوی زێیەکەو دوای گەڕانێکی زۆر شوێن پێیەکە

دەدۆزێتــەوە دوای دەکــەوێت تــا لەگونــدێکی دەکــات ودزیاریەکــە ئاشکرادەبێت زۆرجاریش لـە لایـەن تاوانبارانـەوە هەرەشـەی کوشتنی لێکـراوە بـەلام گـوێی نـەداوە بـرای بـەڕێز دەبـێ ببـورن کـەزانیاریم لەسەرخالە عەلی هەرئەوەندەیە لەسەردەمی منالی هۆشـی ئەوەم نـەبوو بـەدوای ڕووداوی ئـاوا بەسـوود بکـەوم ولەناوەڕاسـت شـەری دووەمـی جیهانیــشەوە توشــی ســەربازی وحیزبایــەتی و بەندینخانــەو زنجــیرو زیندان، دوایش دەربەدەری وپێشمەرگایەتی جۆرەها مەینەتی بووم.[٢]

براتان

دلزار[٣]

١٨ / ڕێبەندان / ٢٧٠٥ کوردی

٧ / شوباتی / ٢٠٠٦ زاینی

---

[2] ئەم بابەتە بلاو کراوەتەوە لە لاپەڕە (٤)ڕۆژنامەی (تاك) ژمارە (١٤)ی شوباتی ٢٠٠٦.

[3] ناوی ئەحمەد کوڕی مستەفا کوڕی حەمەد حەوێزیە ، لە سالی ١٩٢٠ لە شاری کۆیە لە دایك بووە ، تـا پـۆلی سـێیەمی ناوەنـدی لـە شـاری کۆیـە خوێنـدووە ، لەسـالی ١٩٤٠ وە دەسـتی بـە شـیعر توسـین کـردووە ، سـالی ١٩٤٦ ڕێبـازی خـەباتی چینایـەتی بـە دلـسۆزی گرتۆتە بەر کە لە پێناویا توشی گرتن و ئەشکەنجەدان و دوور خستنەوەو دەربەدەری بووە .ماوەی چەند سالێك لە تاراوگە لە ولاتی سوید ژیاوە ،چاپکراوەکانی ئەمانەن:

١-ئــاوازی ئاشــتی و ئــازادی شــیعر. ٢-خــەبات و ژیــان شــیعر.

٣-چوارینەکانی بابەتاهیری هەمەدانی وەرگێران بۆ سۆرانی. ٤-لینین – شیعرە بەرزەکەی مایکۆفسکی وەرگێران. ٥-دیوانی دلزار شیعر

٦-بـیرەوەری ڕۆژانـی ژیـانم . ٧ -پاشـکۆی بیرەوەریـەکانم .شـارەزایی هەیـە لـە زمـانی عەرەبی، فارسی، ڕووسی ،ئەندامی یەکێتی نوسەرانی عێراق بووە.



CamScanner

# کێخوا عەلی شیواشۆکی دوژمنی تاوانباران وخەمخۆری ستەملێکراوان بوو



موحەمەد داریاس[٤]

دەبینم زۆرکەس لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەربارەی زیرەکی وکارامەیی ئەم مرۆڤە دەنووسن لەسەرشوێن پێ هەڵگرتن کە تاچ ڕادەیەک بەتواناو لێ هاتووبووە لەدۆزینەوەیی دزو پیاو کوژو تۆمەتباران . لێرەدا من بەش بەحاڵی خۆم چەند حەپەساوم لەڕاست ئەم هێزە لەڕاددەبەدەری ئەم

---

[4] ناوی تەواوی (محمد فتح الله سعيد)ە ،ساڵی ١٩٥٢ لە کۆیە هاتۆتە دنیاوە هەر سێ قۆناغی خوێندنی هەر لەم شارە تەواو کردووە ، دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانی هەولێرە ساڵی ١٩٧٤ ،چەندجارێك کۆڕی تایبەتی شیعری بۆ گێراوە ،بەرهەمی لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان بلاو کراوەتەوە ،ئەندامی یەکێتی نوسەرانی کوردە،مامۆستایە لە قوتابخانەی میدیای سەرەتایی لە کۆیە.بەرهەمە چاپکراوەکانی بریتین لە
١-دوا ساتی لێك دابڕان شیعر ٢٠٠٤ .٢-گوڵی هیوا شیعر ٢٠٠٥ . ٣-گوڵزاری جگەر گۆشەکان شیعری منداڵان ٢٠٠٠ . ٤-جریوەی چۆلەکە شیعری منداڵان ٢٠٠٣. ٥-باخچەی پەپولان شیعری منداڵان ٢٠٠٤. ٦-خونچەی بەهاران شیعری منداڵان ٢٠٠٦.

مرۆڤـــە دەئەوەنـــدەش سەرســـوڕماوم لەئاســـتی ژیـــری وبلیمـــەتی وبیرکردنـەوەی ئـەم پیاوە مەزنـە کـە چۆن گرفتـوو کێشەکانی کۆمـەڵی بەعـــەقڵ مەیـــسەرکردووە و زۆرجارهەربەتەماشـــاکردن وەیاتـــەنها بەوشەیەك کەسی ویستراوی دۆزیوەتەوە ،لەهەمان کات ئەم مرۆڤە ژیرە زۆربەبەزەیی و بەویژدان بووە کە نەیهێشووە کارکردەکە تووشـی ئێش وئازارو گرتن ولێدان وجوێن پێدان وسوکایەتی پێکردن بێت . یاخوا نەخواســتە ڕوداوەکــە دوژمنایــەتی وکوشــتنی لێ بکەوێتــەوە ، کــابرا گوتەنی : زیانی زۆرتربێت لەقازانجی ، بەڵکوو وای کـردوە بەڕێگایـەکی ناڕاستەوخۆ کەلوو پەلە دزراوەکە بەبێ دەنگی بدرێتەوە بەخاوەنەکـەیی و تکای لەدزیلێکراوەکە کردوە کە بێ دەنگـی لێ بکات وبەهیچ جۆرێك لـەم بارەیـەوە قـسە نـەکات ونـاوی کـابرای دز نـەهێنێ دەتـووانم بڵـێم جارهەبووە دڵی بەئەنجامدەری کارەکە سوتاوە بەتایبـەتی کەزانیویـەتی هۆکـاری ئـەم دزیکردنـەی هـەژاری ونـەداری ودەستکورتی بـووە وەیـان نـــەفامی وگێلـــی ودوورتەماشـــانەکردن بـــووە یـــاخوود وەك کەســـێکی دەروونـنـاس زانیویــەتی ئــەو کەســە بەتایبــەتی کــە ئــافرەت بووبێــت حەزدەکات ببێتە خاوەنی پارچە زێڕێك بۆیە بیری لەم ڕێگایە کردۆتـەوە کەپێی بگاتە ئامانجی خۆیی وئەم کارەنالەبارەی ئەنجامداوە ، بۆیە زۆر بەهێمنی وژیرانە بانگی کەسی یەکەمی بەرپرسـی ئافرەتەکـەی کـردووە وداوای چــاو پۆیــشین ولێبــوردن وبەخــشینی بــۆکردوە . وەك بڵێـــی نەچووە ئیشەکە گەورەو ترسناك بکات ومەترسـی لێبکەوێتـەوە . ئـاخر ئەوە زۆر گرنگە بەتایبەتی بۆکۆمـەڵگای کـوردەواری ئێستا بەگشتی و سـەردەمی ئـەوکات بەتایبـەتی ، کـە دەزانـین ئـەو جـۆرە ئیشە پڕترسـە



CamScanner

هەردەم مایەی هەڵگیرسانی ئاگری شەڕوشۆڕو دوژمنایەتی وناکۆکی ولێك عادزبوون و دووبەرەکی ولێکترازانە . کەچی هەزاران ئافەرین بۆئەومرۆڤەی کە بەدرێژایی ژیانی واتە دەیان ساڵ وئاشکراکردنی دەیان تاوان ئەمجاش نەهێڵێت یەك کارەسات لەسەرئەم ئیشانە ڕووبدات وهەردەم لەپێناو بەرژەوەندی خەڵکی ئاوی بەئاگرداركردوەو نەیهێشتووە ناحەزێك بەمەستی ئاژاوە نانەوە فوو لەم ئاگرە بکات . بەڵکوو بەژیرایەتی خۆیی هەموو پلان وتەڵەو داوەکانی تێکشکاندوەو باروو دۆخەکەی ئاسایی کردۆتەوە کە هەموو ویژدانێکی زیندوویی تێدا ئاسودەببێت . چونکە لەسەردەمی ڕۆژگارێکی ئەو کات جارهەبووە دزی لێککردن ڕێگایەك بووە بۆتۆڵە کردنەوەو چاندنی تۆوی شەڕو ناکۆکی وئاژاوە لەنێوان دوو بنەماڵەدا وەیان دوو هۆز یان دووخێزان یا سوکایەتی پێکردن بەلایەنێك .[5]

ئەم کارەش لەلایەن کەسانی نەفس نزم ئەنجام دراوە وەیان نەخشەی بۆکێشراوە تەنانەت لەپێناو بەرژەوەندیەکی کەمی‌تاکە کەسی وەك بڵێی ( مصائب قوم عند قوم فوائد ) ی بەکارهێناوە بۆمەبەستی پیس وگڵاوی خۆیی کەچی هەرکاتێك مادام هۆشمەندی وەك ئەو زاتەمان هەبووبێت مەبەستم ( کوێخا عەلی ) یە ئەوازۆربەئاسانی بەری لەڕووباری ڕق وکینی ئەوکەسانە گرتووە و هەرگیزنەی هێشتووە خەڵکی بێتاوان بکەونە ناو داوی وەی شوومەو مەینەتەوە کەئەمەش نیشانەی جوامێری وژیری وویژدان زیندوویی ودنیادیتەیی وبەزەیی

---

[5] ئەم بابەتە بلأو کراوەتەوە لە لاپەڕە (٦)ڕۆژنامەی (تاك) ژمارە (١٤)ی شوباتی ٢٠٠٦.

وســۆز وبەخــشندەیی نیــشان دەدات . لەلایــەکی تــرەوە دەســت نیشانکردنی کەسی تاوانبار یان دز تەنها بەتێفکرین لەسەرو سیماو ڕەنــگ وڕوخــساری نی‌یــە ئەوەخــەڵکی پــسپۆڕو کەســی کارامــەو دەروونناسی گەرەکە کەبەدەیان تیۆری وکتێبی جۆراو جۆری لەسەرئەم بابەتانە خوێندبێت ، کە چی کوێخا عەلی لەم بووارەوە زۆر زیرەك و شارەزا بووە و چەندین تۆمەتباری بەم ڕێگەیەوە یا بەهۆی چەند وشــەیەکەوە دۆزیوەتــەوە کەئەمــەش بەڵگــەی لێهــاتوویی وجێگــای سەرســوڕمانە . بۆســەلماندنی ڕاســتی قــسەکانم تــەنها ســێ ڕووداو دەگێڕمەوە کەلەزاری خوالێخۆشبوو کوێخا عەلی بیستراوە :

یەکەم : جارێکیان لەگوندی ( قەرەنی ئاغا) چەند هیزە ڕۆنێك دەدزرێ و گومــان لەچــەند کەســێك دەکــرێ ، بۆهــەمان مەبەســت نــاوبراویش لەوشــوێنە دەبێــت وســەیرێکی گومانلێکراوەکــان دەکــات ودەڵــێ : مــن دەزانم کــێ ئــەمکارەی کــردوە ئــەوەتا شــانی چــەپی بــە ( ڕۆن ) ە ، هەرلــەدوایی قــسەکە یــەکێکیان ئاوڕلەشــانی چــەپی خــۆی دەداتــەوە و دەیەوێت بەدەستی پاکی کاتەوە ، مام کوێخا یەکسەردەڵێ : ئەوە هــەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدابکەن ، لەئەنجام دەردەکەوێت هەرئەم کەسە ئەنجام دەری کارەکەیە .

دووەم : جارێکی تر لەناوخێزانی گوندێك جووتە گوارەیەك دیارنامێنێ و سەرەنجام مام کوێخا لەم کارەئاگاداردەکەنەوە کە هاوکاریان بکات و ئــەم گرفتــەیان بۆچارەســەربکات کــاك ( عــەلی ) دێــت وهــەموو خێزانەکــە کۆدەکاتەوەو پرسیاریان لێ دەکات ، ئینجا سەیر دەکات کابرا دوو ژنــی هەیەو گوارەکە هی یەکێکیانە کە وون بووە ئەویش یەکسەردەزانێ ئەوە

کاری ژنەکەی ترە بلاوەیان پێ دەکات ولەگەڵ ژنی دووەم قسە دەکات وپێی دەڵێ : زێڕەکە لای تۆیە فڕێیدە پەنایەك بەهۆی گەڕان وگەسك دانەوە بابدۆزرێتەوە ، جارێکی تر کاری وامەکە ئیترزۆر ئامۆژگاری ژنەکە دەکات ئەویش زۆرسوپاسی دەکات وبەقسەی دەکات ، گرفتەکە مەیسەردەبێت لەهەمان کات والە لەمێردەکەی وەردەگرێت کە بەهیچ شێوەیەك ئازاری نەدات وقسەی لەگەڵدا نەکات ودەربارەی ئەم ڕوداوەلەگەڵی نەدوێ .

سێیەم : لەکۆتایی سالآنی پەنجاکان کاتێیەکەم بیرەنەوت لەناوچەی شیواشۆك دەدۆزرێتەوە ئەم گێلگەیە دەکەوێتە دەرەوەی سنوری گوندی شیواشۆك. مام کویخا کە ئەم پڕۆژەیە پاشەڕۆژێکی ڕوون وباشی بەدواوەیە ، لەداهاتوودا دەبێتە کۆمپانیایەکی گەورە بەمەبەستی بەرژەوەندی خەڵکی گوندی شیواشۆك وقەرەبوو کردنەوەی ئەم زەویانە بەنرخێکی باش و زۆر ، بیردەکاتەوە کەئەم شوێنە بخاتە سەرسنوری گوندەکەیان دوایی چەند ڕۆژێك کە لێژنەکە دێنەوە بۆهەمان شوێن مام کوێخا چنگێك خۆڵی شیواشۆك دەبات بەدزی لەژێرپێی خۆی دادەنێت ولەگەڵ لێژنەکە دەکەوێتە گفتووگۆکردن وپێیان دەڵێ: براینە من پیاوێکی بەتەمەنی ئەم دەڤەرەم بڕوابکە زۆرشارەزامە خوائاگادارە ئەو خاکەی لەژێرپێمە هیی شواشۆکە ، بەم جۆرە لێژنە پسپۆڕەکە دێنە قەناعەت وکەرخەکە دەخەنە ناو بازنەی سنوری گوندی شیواشۆك . ئەوەی شایانی وتنە هەرکاتێك ئەم مرۆڤە بلیمەتە شوێن ئاسەواری دزیکردنێکی بردبێتە گوندێك یامالێك ئەوا ڕاستەوخۆ نەچۆتە سەرکەلوپەلەکان یا ژووری مالآتە دزراوەکە بەڵکو

ناردویەتی بەشوێن مەلاو کێخوای گوندەکەو لەم ڕوداوە ئاگاداری کردونەوە وپێی وتوون : من ئێوەم خۆشدەوێ ئێوە گوندەکەتان ڕێزی تایبەتیتان هەیە لەلای من ، من پێم ناخۆشە هیچ پەڵەیەکتان بکەوێتە سەرو لەکەداربن دەنا ئێستا دەچم لەژورەوە شتە دزراوەکان دەردێنم بەڵکو حەزدەکەم بەهاوکاری ویارمەتی ئێوە بەبێدەنگی ئەم کەلوپەلانە یابلێین ئەو ماڵاتە بنێرنەوە بۆخاوەنەکەی ئەوانیش بەم ڕاووتەگبیرەی مام کێخوا مەممنون بوین و لەناوخۆیان ڕاوێژیان کردوە و دزەکەیان دۆزیوەتەوە و شتەکانیان بەخاوەن کردۆتەوەو سوپاسی هەڵوێستی مام کێخواش کراوە . زۆر سوپاس بۆبرای هێژاو ڕێزدار ( کاکە سوار وسو ) کە خەڵکی ئیلنجاغی گەورەیەو تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵێك دەبێت ئێستا لەشاری کۆیە ژیان دەگوزەرێنێ و دەربارەی خوالێخۆشبوو بێت ( کێخوا عەلی ) چەند روداوێکی بۆگێرامەوە .

جوانترین ڕێزو سڵاوم بۆستافی مانگنامەی ( تاك ) ی خۆشەویست کە وەك سەرچاوەیەکی ڕوناکی تیشکی ڕووناکبیری پەخشدەکات بەم دەڤەرەدا هیوای بەختەوەری وبەردەوامیان بۆدەخوازم ئومێدەوارم هەردەم لەش ساغ و بێوەی بن .

# کوێخاعەلی شیواشۆکی کەسایەتیەکی ناوداری سەردەمی خۆی بوو لە دەڤەری کۆیەدا

موحەمەد دارياس[٦]

ڕۆژگار دێت و دەڕوا مردن بەردەوامە لەم نێوانەدا گەلێ مرۆڤی عەگید و جوامێرو خاوەن قۆناغ و بە دەست و قام و زیرەك و ژیرو هۆشیارو بلیمەت و نیشتمان پەروەرو سیاسەت مەدارو دەست ڕەنگین و ناودارو دەنگ خۆش و شاعیرو هونەرمەندو کەسانی بە تواناو لێهاتوو دەبنە خاکی سەرەرێو تەنها کردارو ناوەکانیان پشتاو پشت دەمێنێتەوە حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

مەرگ و ژین میسلی سێبەرو تاوە
ئەوەی باقی بمێنێ هەر نـــــاوە

یەکێك لەو پیاوە هەڵکەوتوانە مام کوێخاعەلی شیواشۆکی بووە کە خاوەن کەسایەتیەکی بە هێزی سەردەمی خۆی بوو لەناوچەی کۆیەدا.ئەم پیاوە مەزنە مرۆڤێکی ژیرو خاوەن قۆناغ و سفرەو خوان

---

[6] ئەم بابەتە بلاّو کراوەتەوە لە لاپەڕە (٦)ڕۆژنامەی (تاك) ژمارە (١٥)ی ئازار ٢٠٠٦.

بووه کەسێکی بەخەبەرو قسه دروست و زمان پاراو گفت شیرین بووه ،
کوێخاعەلی خاوەن بەهرەیەکی سەر سوڕهێن بوو کە ئەویش شوێن پێ
هەڵگرتن بوو واتە بەدواداچونی کەسانی دزو پیاو کوژو جەردەو
تاواتنباران تا دەیدۆزینەوە کە هیچ ترس و هەرشەیەکی تاوانبارەکە
کاری نەدەکردە سەر ئەم مرۆڤە بە جەرگە تا شوێنەوارەکە وون بکات و
واز لە ڕێرەوەکە بهێنێت و کوێخا عەلی کوڕی کوێخا سمایلی کوڕی
ڕەسوڵ ئاغای کوڕی حەمەغای کوڕی ئۆمەرەغایە کانی ئۆمەراغا کە
هاوینە هەوارێکە دەکەوێتە سەر لوتکەشاخی باواجی نزیک گوندی
(شێخ ئەلوان)بە ناوی ئەم ئۆمەراغایە کە کاتی خۆی مەڕی لێئاو داوە
ئەم بنەماڵەیە لە ڕاستیدا ئاغا نین بەڵام لەم بارەیەوە دوو بۆچوونی لێك
جیا هەن :
یەکەم:ئەو بنەماڵەیە هەر لە زووەو نان بدەو خاوەن قۆناغ وسفرەو
خوان بوون لەبەر دڵتێری پێیان ووتون ئاغا .
دووەم:دەڵێن لە بنەڕەتدا ئەم بنەماڵەیە لە ئێرانەوە هاتوون ووشەی
ئاغاش لە ئێران باوەو زۆر بەکار دێ ئەم بنەماڵەیە خۆشیان بۆچون و
ڕای یەکەمیان لا پەسندو دروستە بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستیە ئەوەیە کە
کاتی خۆی (حەماغا)ی گەورە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی دەستگیر
دەکرێت بە گوندی مەرزاندا تێدەپەڕن لەوێ ڕەسوڵ ئاغا نان و
خوانێکی زۆر باش ئامادە دەکات و داوا لە ئەفسەرو جەندرمەکان
دەکات و کە دەستی حەماغا بکەنەوەو بۆ نان خواردنو نوێژ کردن هەر
بەو مەبەستە ناوبراو حەماغا دەنێرێتە سەر کانی ئاوی قەبران بۆ
دەسنوێژ هەڵگرتن و خۆشی بە دوایدا دەچێت و داوا لە حەماغا دەکات

و بڕوات و لە گەڵی عاسیّ کە دۆڵێکە دەکەوێتە نێوان هەردوو گوندی مەرزان و شیواشۆك خۆی بشارێتەوە حەماغا دەفەرمویّ من لەم ئیشەدا خەمی تۆمە ڕەسولّ ئاغاش پێی دەڵیّ تۆ خەمی منت نەبێت من خۆم پیّ ڕزگار دەکرێت پاشان بەهۆی گوژمەیەك پارەوە ئەفسەرو جەندرمەکان ڕازی بکات.ئیتر حەماغا بۆ ماوەی سیّ مانگ لەماڵی ڕەسولّ ئاغا بە باشترین خزمەت و جوانترین ڕێز لێنان دەمینێتەوە تا ئەو کاتەی لێبوردنی لە لایەن حکومەتی عوسمانی ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ شاری کۆیەوە بە دوای ڕەسولّ ئاغادا دەنێرێت و لە پاداشتی ئەم چاکەو مێرخاسیە داوای لێدەکات کە بچێت گوندی شیواشۆك ئاوەدان بکاتەوە بەرو بومەکەی بخوات لە هەمان کات (٢٠٠)سەر مەڕیشی بۆ دەکاتە دیاری ڕەسولّ ئاغاش داواکاریەکەی حەماغا جێبەجیّ دەکات هەر بەو مەبەستە سمایلی کوڕی دەنێریّ و دەبێتە کوێخای شیواشۆك پاش ماوەیەك کۆزی حەیوان ئاگر دەگریّو مەڕەکان هەمووی دەسوتێن کە حەماغا بەمە دەزانیّ خۆی دەچێت بۆ گوندی شیواشۆك ئەم جارەیان (٢٠٠)سەر بزنیان دەداتیّ و دەڵیّ(من هەر چیتان بۆ بکەم چاکەو پیاوەتی باوکتان پڕ نابێتەوە )بەمە دەردەکەویّ کە ئەم بنەماڵەیە ڕەگێکی قوڵی مێژوویان لە دەڤەری کۆیەدا هەیەو هەردەم ماڵەکەیان پەناگەی لێقەوماوو خەڵکی هەژار بووە .شایانی ووتنە کە کوێخا عەلی پیاوێکی سەر ناس بووە بە شێوەو ڕەنگ و ڕووخسار توانیوەیەتی مرۆڤی تاوانبارو بێتاوان وە یا مرۆڤی جوامێرو پودەڵە لێك جیا بکاتەوە بۆ نمونە ناوبراو زۆر جاران هەڤاڵی هێژا کاك کۆسرەت ڕەسولّ عەلی کە دەکاتە نەوەی ئەم پیاوە بە منداڵی لە گەڵ خۆی گێڕاوە لە

هەموو شوێنێك لە تەك خۆیدایناوە .كە ووتویانە مام كوێخا چ ما هەر تۆ كوڕت هەیە ئەم مندالە لەگەلْ خۆت دەگێڕی!؟ لەوەلاْمدا كوێخا عەلی ووتویەتی (من مردوو ئێوە زیندوو ئەم كوڕە لە دوا ڕۆژ دەبێتە مرۆڤێكی بە تواناو ناودارو لێهاتوو)كە قسەكەشی لە ئەنجامدا ڕاست دەرچوو ! مام كوێخا لە ١٨٨٧/٣/٢١ لە گوندی شیواشۆك هاتۆتە دنیاوە جێگای سەرسوڕمانە دوای (١٠٠)سالْ ژیان لە هەمان ڕێكەوت واتە ١٩٨٧/٣/٢١ كۆچی دوایی كردووە .هەزاران سلاْو لە گیانی پاك و بێگەردی ئەم كەلْە مێردە كە هەموو ژیانی بەسەربەرزیو جوامێری بەڕێكرد.

سەرچاوە:

١-ڕۆژنامەی (هاموون)ژمارە (١٦)و(١٧).

٢-رۆژنامەی (تاك)ژمارە (١٢).

# شوێن پێ هەڵگرتن

**موحەمەد فەتحوللاّ سەعید دارياس**[7]

هەرچەندە ئەمڕۆ سەردەمی ڕۆکێت و کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتە ، ڕۆژی جیهان گەری‌و گەردیلەو داهێنان و دۆزینەوەیە ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا خۆشە هەندێ جار باسی تواناو شارەزایی‌و لێهاتووی باب و باپیرانمان بکەین دەربارەی هەندێ لە دیاردە سەیرو سەمەرەکانی ژیان .یەکێك لەوانە شوێن پێ هەڵگرتنی بکوژو دزو پیاو خراپان کە بەم ڕێگایە دەتوانرا کەسی ویستراو بدۆزرێتەوەو دەست گیر بکرێت ،بەلاّم زۆر جار بە نهێنی هەرەشە لە شوێن هەڵگر دەکراو ناچار دەکرا شوێنەکە وون بکات و چیتر بەدوایدا نەکەوی‌و شوێنەواری ڕۆیشتنەکە بزر بکات و واز لە ڕێڕەوەکە بهێنێت .ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە پسپۆڕو کارامەی وا لێهاتوو لەم بوارەوە هەبوو کە دەیتوانی شوێن پێیەکە لە شەقامی قیرو ناو ئاوو زەمەندو ناو دڕکە زیو گەڵ جێگای

---

[7] موحەمەد فەتحوڵلا سەعید دارياس ، ڕۆژنامەی (هاموون) ژمارە (١٧)ساڵی دووەم ئەيلولی ١٩٩٩ ڕۆژنامەیەکی مانگانەیە کە لە شاری کۆیە دەردەچێت.

تریش هەڵبگرێت.ئەوەی شایانی باسە زۆر جار شوێن هەڵگر دەیزانی کە کابرای تاوانبار یاخود دز پێڵاوەکەی خۆی گۆڕیوەو جۆرێکی تری لە پێ کردووە یاخود بە پێ خاوسی ماوەیەک ڕۆیشتوە بەمەبەستی بزرکردنی شوێنەواری ڕۆیشتنەکەی تاوەکو سەر لە کابرای شوێن هەڵگر بشێوێنێ و نەتوانێ کارەکە ئەنجام بداو تیایا سەر کەوێ. بەڵام ئەم کارە دەتوانم بڵێم ئەمڕۆ نەماوەو هەر لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانەوە و واز لە دیاردەیە هێنراوە بە ناوبانگترین شوێن هەڵگری ناوچەی کۆیەش لە ساڵانی زوو خوا لێخۆش بوو( کوێخا عەلی شیواشۆک )ی بوو.کە دەیان و سەدان تاوان و خراپەکاری ئاشکرا دەکردو جێی موتمانەی نەک هەر خەڵکی ناوچەی کۆیە بوو بەڵکو لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان بۆ هەر ڕووداوێک بە دوایدا دەهاتن .

# کوێخا عەلی شوون هەڵگر



**جەواد حەمە بەگ[٨]**

لە دێر زەمانەوە ، تا شۆڕی ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨ و ئێستاکەشی بە کەمی ،تاوانێك ڕوویبدابایە چەشنی پیاو کوشتن و دزی بە هەموو جۆرەکانیەوەو جەردەیی‌و ڕووت کردن و هەڕەشەو تۆقاندن ..تاد ،خەڵکەکە بۆ بە دواداچوون و ساغ کردنەوەو ئاشکرا بوونیدا پەنایان بۆ دادگا نەدەبرد ،یەکسەر بیریان لە شون هەڵگرێکی لێزان و بوێر

---

[8] جەواد حەمە بەگ سالح ساڵی ١٩٤٦ لە کۆیە لە دایك بووە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە ، لەساڵی ١٩٦٩ خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە ، لەوساوە بەبەردەوام لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بابەتی ئەدەبی‌و کەلتوری‌و مێژوویی‌و دەنوسێت .لەساڵی ١٩٧٣ بەشداری کردووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی لقی کۆیە لە لایەن بەڕێز جەنابی مام جەلال و بنەماڵەی سەید برایم خەڵات کراوە دواتر لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری ئیدارەی سلێمانی ڕێزی لێنراوە ،ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری بنکەی ئەدەبی‌و ڕووناکبیری گەلاوێژە لقی کۆیە ئێستاش مامۆستای زمانی کوردیە لە قوتابخانەی هاموونی سەرەتایی تێکەڵاو لە کۆیە .

دەکردەوەو لە زۆربەی جارەکاندا تاوانبارو سەرچاوەکەی بە هۆی شوون هەڵگرەوەو ئەدۆزرانەوەو ئاشکرا دەبوون ،لەم ئاکامەشدا شوون هەڵگر گەلێ جار تووشی تیرۆر کردن و ئاستەنگی دوژمنایەتی دەبوو ،بەلاّم شوون هەڵگری ڕەندو ڕەسەنەکان لە مانە گەورەتربوون .هێندە عەشقی پیشەکەیان بوون و بە جیهادیان دادەناو هەروەك ستەمەکە لە خۆیان کرابێ وەها بوو .ئەوەی لێرە مەبەستمانەو دەمانەوێ وێستێکی لەسەرا بکەین شوون هەڵگری ناودارو ناسراو (کوێخا عەلی شیواشۆکە) کوێخا عەلی وەك لە گەلێ پیاوانی ئەم شارەو دەورەبەریدا بیستومە چەشنی (مامە سادقم –سادقی کەریمە گۆج و مەلا هەیذیو حاجی حەمرەزی تەکەور )کە هەر سێکیان دۆست و برادەرو ناسیاوی کوێخا عەلی بوونەو لە نزیکەوە ناسیویانە ،بەم شێوەیە پێناسە کراوە ،ئازا ،بوێر ،گورج و گۆڵ ،چاپووك دەست ،چەك ناس و نیشان چی ،قسەڕۆ ،بەڕێزو خۆشەویست ،بیر قول و چاو تیژ ، پیاوی صوڵح و صەلاّحەت ، ڕاست گۆ لەگەڵ خۆیی و دەوربەریدا ، بەخشندە لە بواری شوون هەڵگرتندا ڕاستەوخۆ لە خودی خۆیان بیستووە کە لەسەر بەردو شاخ شوێن پەنجەی سوسکەی نێرو مێی لێك جیاکردۆتەوە ،سەدان شوون پێی هەڵگرتوەو لە ئاوو شاخ و چەمی پەڕاندۆتەوەو بە ئاکامی گەیاندووە، لەسەردەمی پاشایەتیدا دزیو جەردەیی ڕاوو ڕووت لە ئەنجامی هەژاریو نەخوێندەواریدا ببووە دیاردەیەکی ڕۆژانە لە پاڵ ئەمانەشدا ئەم گۆتەیە کەوتبووە سەر زوبانی خەڵکەوە (گەر کوێخا عەلی نەدەبوو دزو جەردە دەیان خواردین)زۆر بە دەگمەن دزو تاوانباری لە دەست قورتار دەبوو ، زۆر جار پول و زێڕو ئاژەڵ و شت و مەکی

دزراوی بۆ خاوەنەکەی دەگەڕاندەوە بە بێ ئەوەی خاوەن دزراو دزەکە بناسێت ،هێندێ جار شوێنەکەی دەگایندە نزیک گوندێك ، دزەکە دەشێواوو دەترسا،یان هەڵ دەهات ،یان دەخالەتیان بە کوێخا دەکرد و کوێخاش تۆبەی پێدەکردن و شتە دزراوەکەی بە خاوەن دەکردنەوە ، لە یادمە لە پۆلە بەراییەکانی سەرەتایی بووم (مامە سادقم)دەهاتە ماڵمان لەبەر ئاگردان دادەنیشت و دەورمان لێدەداو زۆر بە تام و چێژەوە بە شێوازی چیرۆك باسی دزی و جۆرەکانی دەگێڕایەوە ،ڕۆژێکیان هات و ووتی :دوکانی ڕەفیقی مام عەبدولاّیان بڕیوە دزەکان هەند حەکیم و وەستایانە دزیەکەیان کردووە (بەعەلیش نادۆزرێتەوە)بەیانیەکی تریش هاتە ماڵمان وەك جارانی پێشوو لێی گرد بوینەوە ئەم ڕووداوەی بۆ گێڕاینەوە:چەتەکان ڕێیان بە قەتار چییانی (مەلا حەوێز ئاغا)گرتووەو دوو هێستریان لێساندوون ،ئەم ڕووداوە ئاغای زۆر نیگەران کردووەو بە ئەتکی دەزانی ،بە پەلە لە دوای کوێخا عەلی ناردووە کەلەم تەنگانە ڕزگاری بکات کاتێك کوێخا بەدەنگیەوە دێ دەبینێ مەلا حەوێز لەسەر دەم کەوتووە ،

کوێخاش دڵنەوایی دەکات و سوێندی بۆ دەخوات کە بەسواری هێسترەکان بگەڕێنەوە بۆ لای ،ئاغا دوو چەکداری خۆی لەگەڵ دەدات و کوێخا دەڕوات و شوون دەباتە گوندێك لە هۆرێکی تاریکی ئاژەڵدا هەردوو هێسترەکە دەردەهێنێ دزەکانیش ئەدۆزێتەوە ،کە دەگەڕێنەوە لای (مەلا حەوێز ئاغا)،ئاغا پێی دەڵێت:کوێخا ئەو هێسترانە حەلاّلی تۆنەو حەرامی منن.بەلاّم کوێخا قبولّی ناکات و ڕەتی دەکاتەوە ڕووداوێکی تر کە زیاتر لە چەندین کەسانی جیام بیستووە ، لە پێش

ناوەندی شەستەکاندا (عەلیاغای شیلانەیی )هێندێ تفەنگی لێدەدزرێ دەچێتە خزمەتی جەنابی (کاکە زیاد) لە گوندی (خدران)دا ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە ،(کاکە زیاد)یش بە پەلە لە دوای کوێخا عەلی دەنێرێت ،پێی دەڵێ :ئەگەر ئەم تفەنگانە لە ماڵی مەحمود ئاغای کوڕیشم بێ ،دەبێ دەریان بهێنی ،کوێخا و عەلیاغاو هەندێ لە چەکدارانی دەکەونە ڕێو شوون هەڵگرتن،چەند چەم و چۆڵی ڕێگا دەبڕن تادەگەنە نزیک گوندێک ،عەلیاغا پێی دەڵێت :بەسە کوێخا ،ئیتر دوژمنی خۆم ناسی ،دواتر عەلیاغا تفەنگەکان وەردەگرێتەوەو تفەنگێکیش خەلاتی کوێخا عەلی دەکات، بەلام کوێخا لێی قبولێ ناکات و لێی وەرناگرێت دواتر خاڵە زیاد تفەنگێکی خەلات دەکات و کوێخاش لێی قبولێ دەکات، لە کوێخا حاجی حەمرەزی تەکەورم بیست ،جارێکیان چەند هێزە ڕوونێکی خۆماڵیمان لە دوورەوە دزیبوو ،دزەکان هی ئەم ئاقارە نەبوون لەم شاخەی تەکەور لەم هەڵەتەی نزیک ئەم مۆردانە (مورتک)حەشاریان دابوو ،کوێخا شوونەکەی هێناو هێزە ڕوونەکانی دۆزیەوە ،خاوەن هێزەکان ڕووی لە کوێخا کردو پێی ووت:بەسە وا ڕوونەکەمان دەسکەوتەوە ، کوێخا ووتی :دزەکان ماون ،هەر بۆ بەیانی خزمێکی دزەکان هانای بۆ هێنام کە کارەکە داپۆشم و بە (عەلی )بڵێم بەردێکی لەسەر دابنێم کوێخا عەلیش داواکەی ڕەتنەکردمەوە ،

حاجی خدری کوڕی کوێخا حەمەخان کە ئێستا لە ژیان ماوەو لە کۆیە گیرساوەتەوەو ووتی :جارێکیان لە گوندەکەمان (شاخە پیسکە)بووە چ بوو چ بوو دەنگە دەنگ پیاوانی لە دەوربەری گوندەکە گردبونەوەو دواتر زانیمان کە وولاخیان لە ئاقاری کوێخا عەلی دزیوە کوێخاش بە

شـوون هـەڵگرتن وولآخـەکانی دۆزیوەتـەوەو وا دەیـان گەڕێنێتـەوەو دزەکانیشی ناسیبوو وێڕای ئەمانەش کوێخا تەوقوعات و بیرکردنەوەو مەزەندەی زۆر بە هێز بوون ،گەلێ جار بەبێ شوێن هـەڵگرتن تـەنها بـەبیر کردنـەوەو مەزەنـدە کـردن دزو دزراوی ئەدۆزیـەوە ،جارێکیـان دوو گـا جـووتی ئەحمـەد ئاغـای باخچەوان(باپیری کـاک ئـارام سـاڵحی شـاعیرو ڕۆژنامەنووس)دەدزرێ چەند ڕۆژێك بە دوایان دەگەڕێن ئەسوڕێن ،نایـان دۆزنـەوەو تـا دواجـار پـەنا دەبەنـە بـەر کوێخـا عـەلی ئـەویش بـیری لێدەکاتـەوەو نەخـشەی بـۆ دەکێـشێ دەلێـت :بـەم ڕێگـاو شـوێنەدا ڕۆیـشتوەو لـەم ئاقـارەش ڕەت نـەبووە ،دواتـر ملـی ڕێگـا دەگرێـت و یەکسەر شونەکەیان دەدۆزێتەوەو دەڕوا تا دەگاتە سەر گا جووتـەکان و دەلێ:فەرموو ئەمە گاجوتەکانتە.لە دەوربەری حەفتاکان ،هەندێ پـول و ئـاڵتون لـە گـەڕەکی قـەلآت لـە نزیـك دوکـانی سـۆفی سـەلیم دزران ، خاوەنەکـەی هانـای بـۆ کوێخـا بـرد ، کوێخـا هـات و سـەیرێکی ژوورو کارتۆنەشـکاوەکەی کـردو وێـستێکی کـردو سـەری بـادا ،چووە دەرەوە نزیـك پـەنجا مـەترێك لـە ماڵەکـە دوورکەوتـەوە ،ئەوسـا گـەڕاوە ماڵەکـە ،ئەمجارەیان سێ مەتر کشایەوە هەمیسان گەڕایەوە ، خاوەن مـاڵ لەبـەر کوێخا پاڕایەوە کە دزەکەی بۆ بدۆزێتەوە بەلآم کوێخا پێـی ووت هـەر لـە دەقیقـەی یەکـەم دزەکـەم دۆزیـەوە ،دزەکـەش لـە خۆتـە ،دوای ماوەیـەك ئاشکرابوو قسەی کوێخا هاتەدی .ساڵی ١٩٧٣ کاتێ مامۆستا بووم لە گوندی خەرابە کە ناحیەی (ئاشتی )ئەمڕۆیە لە ماڵی کاك (عەبد ئاغـای عـەزیز ئاغـا) دەعـوەت بوین،لـە دوای نـان خـواردن لـە دیوەخانەکەیـدا

دەستمان کردە سوالفەو گێڕانەوەی سەر بوردە ، باس هاتە سەر دزی و شون هەڵگرتن ،

شەریفی سەلە[9] کە لە خواررووی مەجلیسەکە دانیشتبوو هەڵی دایەوەو ووتی: ئەوەندەی ژیاوم ، گەڕاوم لە مەجلیسی ئاغاو کوێخاکان دانیشتوم نەمبینیوەو نەبیستوەو لە بواری شون هەڵگرتندا لەم دوو (عەلی)ە باشتر هەبن ،مەبەستی (عەلی عەبدولاّ)ی هەولێرو (کوێخا عەلی)شیواشۆك بوو ،خۆم وەك چەکدار لە کاتی شوون هەڵگرتندا وەك حیمایە لە گەڵیاندا دەرچووم جارێك ترس و لەرزو ڕاڕایی لە قەلبی ئەم دوو زاتە هەر نەبوو زۆر بە زەحمەت دزو جەردەو ڕێگر لەبەر دەستیان قوتاری دەبوو ،زۆربەی زۆری کێشەکانیان بە ئاکام دەگایاندو مەبەستیان دەپێکا[10]

---

9 شەریفە سەلەی سوار چاکێکی باش بووە بە سواری نامەی حەما غای لە کۆیەوە بۆ شێخ مەحمود بردووە ،هەموو ژیانی لە دیوەخانی حەمەئاغاو کاکە زیادو مەلا حەوێز بەسەر بردووە ، لەکۆتایی ژیانیدا لە گوندی خرابە(ئاشتی ئەمڕۆ)ژیاوە لە پاڵ ئەمانەشدا لە کۆیە گەڵی شوون هەڵگری ناوداری تر هەبوون ، چەشنی مەلا هەینی و سابیری عەولاّ دەروێش بەڵام وەك ئەوان نەبوون مە خابن ، لە ئاخە لێوەی ژیانیدا لە گەڵ خزم و خوێشانیدا لە گوندە شیرینەکەی دەرکران ئاوارەبوون و گوندەکەشی چەشنی هەزاران گوندی کوردستان خاپور کرا، چاوانی کز بوون لە هێز کەوتن ، تا ساڵی ١٩٨٧ کە هاوکات بوو لەگەڵ کیمیا باران و ئەنفال و جینۆسایدی گەلەکەیدا بە یەکجارەکی ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد ،دوای ئەوەی خزمەتێکی زۆری بە کوردستان و دێیەکەی گەیاند.

10 ئەم بابەتە بلاّو کراوەتەوە لە لاپەڕە (٥)ڕۆژنامەی (تاك) ژمارە (١٣)ی کانونی دووەمی ٢٠٠٦.



CamScanner

# نهێنی بلیمەتی کوێخا عەلی لەبن نایە ، بەڵام سۆراغ وبەدوادا چون ماندووبونی دەوێت[11]

جەواد حەمەد بەگ

لەژمارەی ١٣ی کانووی دوەمی ( تاك ) دا پێناسەیەکی کوێخا عەلی شون هەڵگرم کردو کۆمەڵێ نمونەم لەسەردانایی ولێهاتووی ئەم مرۆڤە ناودارەم هێنایەوە لەبواری شون هەڵگرتن وبەهێزی سەرنجەکانیدا ، بەلاّم دەبێت ئامارەش بەمەش بکەین کە زانایی ولێهاتووی کوێخا تەنها هەرلەبواری شون هەڵگرتن نەبووە بەڵکو لەگەڵێك بواری تردا شارەزاو کارامەو لێزان بووە زۆر هونەرمەندو وەستایانە توانیویەتی مامەڵە لەگەڵ دەورو بەری بکات وپەیوەندی کۆمەلأیەتی لەگەڵ خاوەن پیشەو کەسەبەی بازاڕ دروست بکات وپانتایەکی گەورە لەنێوان دڵی خەڵکی زۆر داگیربکات باوەڕناکەم خاوەن پیشەیەك دوکاندارێك لەکۆیە هەبێت

[11] ئەم بابەتە بلأو کراوەتەوە لە لاپەرە (٦)ڕۆژنامەی (تاك) ژمارە (١٥)ی ئازار ٢٠٠٦.

کوێخای نەناسیبێ چونکە بەهۆی مامەڵەکردن وقسەو ڕۆخۆشیەکەی خەڵکی لەخۆی نزیک کردۆتەوە خۆی پێناساندوون پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ خاوەن پیشەکان هەبووە دەستکردی هەرهەموویانی ناسیوە لەهەرپیشەیەك وەستایەکی گەورەی لێ نیشانکردوە لەدوای چلەکانەوە (١٩٦٣) وەستا حەمەدەمینی نەجاری بەوەستای گەورە دانابوو لەدوای مردنی وەستا عومەری نەجاری بەوەستای گەورە ناوزەند دەکرد تاوەستا حەمەدەمین لەژیاندابوو هەرکارێکی نەجاری هەبوایە کوێخا بەوی دروستی دەکرد لەم ئاکامەدا پەیوەندی و برادەرایەتی پتەوی لەگەڵدا پەیدا کردبوو لەپینەدۆزیشدا دانی بەوەستا حەمەدەمینی سۆفی مستەفا دانابوو ئەویش بەوەستای گەورەی ناوزەند دەکرد هێندە پەیوەندی لەگەڵیدا بەهێزبوو بەشێوازێك شارەزای دەستکردی بوو بوو ئەگەرلینگە لاستیکەکی کۆنی بەدیبکرادابایە دەیزانی کە ئەمە دەستکردی حاجی حەمەدەمینە یان هی چ وەستایەکی ترە گەلێك جارانیش شەو میوانەتی وەستا حاجی حەمەدەمین دەبوو کوێخا سەرنجی هێندە بەهێزبوو گەرلەماڵێك دەرگەیەك یان پەنجەرەیەك یان سندوقێك یان هەردروستکراوێکی نەجاری یان ئاسنگەری بەدی بکردایە دەیزانی دەستکردی چ وەستایەکە لێرەدا ڕوداوێك دەکەمە نموونە کەلەساڵی (١٩٥٦) لەکۆیە لە گوزەری نەجاران ڕوی داوە ئەو کاتانەی کەئیشی نەجارەکان کز دەبوو بۆئەوەی کارەکە بۆچەند نەجارێك قۆرغ نەکرێت نەجارەکان بەرهەمەکانیان داوە بەوەستا ( حەمە سەعیدی ) نەجار کەناسرابوو بە وەستا سوورە کە بەشێوەی وەجبە وەری دەگرت وەهەتا هەمووی ساغ

نەکردایە هیچی تری لێ وەرنەدەگرتن هیچ نەجارێکیش بۆی نەبوو لەدوکانی خۆی یان لەلاوە شتی بفۆشترایە بەرامبەر ئەم کارەش وەستا سووره حەقدەستێکی کەمی وەردەگرت ڕۆژێکیان لەکاتێکدا وەستا سوره لەدوکانەکەی مەوجود نابێت وەستا ( حەمیدی ) کوڕی کە خەلفەدەبێت مەوجود دەبێت کوێخا عەلی لەگەڵ گەنجێك کە گەنجەکە سەرقاڵی ژنهێنان دەبێت بەمەبەستی کڕینی سندوقێکی مینابەند (بۆراق) بۆگەنجەکە کوێخا چاودەگێڕێت وسەیری دۆڵابەکان دەکات وەستا حەمید پێی دەڵێت فەرموو کوێخوا ئەمرکە ، کوێخاش وەڵامی دەداتەوە دەلێ سوندوقێکی مینابەندم گەرەکە ئەوسا وەستا حەمید دەڵێت ئەمانە هەموو سندوقی مینابەندن ، کێخوا : نەخێر هیچیان هەونین من دەستکردی وەستا حەمەدەمینم دەوێت وەستا حەمید
ئامارژە بەسندوقێك دەکات ودەڵێت ئەمە هی ئەوە کوێخا عەلی دەڵێت نەخێر دەستکردی ئەوی تێدا نیە دوای ماوەیەك لەگفتوگۆ کوێخا ئامارژە بۆسندوقەکان دەکات ودەڵێت ئەمەیان دەستکردی وەستا عومەرە گچکەیە و ئەمەشیان هی وەستا سابیرە ئەمەشیان هی وەستا حەمەدە ئەمەشیان وەستا سەعیدە ئەمەشیان دەستکردی خۆتانە :
وەستا حەمید دەست دەکاتە پێکەنین وپێی دەڵێت ئەمن لەگوزەری نەجاران دەژیم و لەوگەڵ زۆربەشیان پەیوەندی خزمایەتیم هەیە وەکو تۆنایان ناسم و شارەزایان نیمە وەستا کەریمی نەجار کەبرای وەستا حەمەدەمینی نەجاربوو لەدوای ناوەندی پەنجاکان کەئەم کاتە تەمەنی نزیك سەد ساڵ دەبوو کەدووکانی نەجاری نەمابوو ڕۆژانە هێندێ کەرەسەی سوکی نەجاری لەناوتورەگەیك دەناو لەگوزەری نەجاران

لەژێردیوارێك دادەنیشت تیرو گۆناو بریشکی دروستدەکرد بایی خەرجی ڕۆژێکی پەیدادەکرد دوایی دەستی لەکارەکەی هەڵدەگرت یان مشارەکەی هەڵدەگرت ولەکۆڵانان دەسوڕایەوە و بەرامبەر پارەیەکی داری سۆبای بۆماڵان دەبڕییەوە هەرجاریٚ کوێخا دەهاتە گوزەری نە جاران ڕوی لەنەجارەکان دەکردو پێی دەوتن نەجارینە مەسیری ئێوەش وەکو مەسیری ئەووەستاکەریمەیە ڕۆژێکیان کوێخا دەچێتە لای وەستا کەریم ولەتەنیشتی وەستا کەریم دادەنیشیێت ودەرهەمێکی پیٚ دەدات و وەستا کەریمش درهەمەکەی لیٚ وەردەگرێت وماچی دەکات وپێی دەداتەوە بەکوێخا دەڵیٚ زۆرمەمنونتم بەلاّم جاریٚ هەڵی بگرە بۆئەوکاتەی کەتوانای ئیشکردنم نامێنێنیٚ وهەتاتاقەتی کارکردنم بمێنێت یارمەتی کەس قبولٚ ناکەم ئەم وەلاّمە کارلەکوێخا دەکات و دەڵێت بەڕاستی ئەقڵت لێفێربووم ڕولەنەجارەکان دەکات وئەڵێت ئێوەش وەك وەستا کەریم خاوەنی ئەم دروشمە بن ( هەتا مردن کردن) هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە کوێخا پیاوێکی ناسراو قسە وڕۆخۆش بوو لەهەردوکانێك دابنیشتایە دەروبەرەکەی لێی کۆدەبونەوە مەجلیسی گەرم دەبووگوێیان بۆکوێخا ڕایەلٚ دەکرد ماوەتەوە بڵێم بلیمەتی نهێنی کوێخا عەلی زۆر بیٚ سنورن بۆئەوەی مافی خۆی پێبدرێت و زیاتر سود لە نهێنی وشاکارەکانی وەربگرین دەبیٚ زۆرتر سۆراغی لیٚ بکەین وخۆمان بۆماندوو بکەین و بەدوایدا بچین بۆیە داوا دەکەین هەرکەسیٚ زانیاری لایە دەربارەی ئەو زاتە بلیمەتەو ونی نەکان و بخاتە سەرلاپەڕەی نوسین : لەگەلٚ ڕێزمدا

# کوێخا عەلی مەرزانی بلیمەتی شوێن پێ هەڵگر و سایکۆلۆژی زان



فاتح بێ لان تاڵەبانی[12]

---

[12] ناوی تەواوی( فاتح حەمەشین خورشید سادق حاجی قادر ئەبابەکر )ە ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی تاڵەبانی گەورە هاتۆتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لە تەق تەق تەواو کردووە ،ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ کۆلیژی کارگێڕی‌و ئابوری لە زانکۆی سەلاحەدین بەشی ئابوری تەواو کردووە،لەسەرەتای هەشتاکانەوە شیعر دەنوسێت یەکەم شیعری خۆی لە گۆڤاری بەیان ژمارە ١٣٣ بلاّو کردۆتەوە ،دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ شیعرو نوسین و بابەتی جۆراو جۆری لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاّو کردۆتەوە بەشداری گەلێك کۆڕی شیعری کردووە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان، لەسەرتای دامەزراندنی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ١٩٩٢/١/١٢ تا ساڵی ١٩٩٧ وەك پەیامنێر کاری ڕۆژنامەنوسی کردووە، دەستەی نوسەرانی مانگنامەی تەق تەق و لە دوا ژمارەیدا سەرنوسەر بووە ئێستا مامۆستای بابەتی ئابوریە لە دواناوەندی تەق تەقی ئێواران.لە چاپکراوەکانی :١-نۆتەی ئاوازێکی نوێ دیوانە شیعر ٢٠٠٤. ٢-قەڵەمێك لە سێبەری سپێتی‌دا دیوانە شیعر ٢٠٠٥.

مام کوێخاعەلی مەرزانی خەڵکی شیواشۆك پیاوێکی شوێن پێ هەڵگری بلیمەتی دەورو زەمانی خۆی بووە پیاوێکی جەربەزەو نەترس بووە ئەگەر نا نەیدەتوانی وا بە ڕاشکاوی دوای دزو جەردان بکەوێ‌و بیان دۆزێتەوەو ئاشکرایان بکات هەرگیز لەوە نەسڵەمیتەوە کە ئاخۆ دژایەتی دەکرێ و ناکرێ و لەوانەیە چەندین کەسی پیاو خەراپ و دزو جەردەی زەمانە لە مەراقی ئەوەدابووبن کەدەستی لێبوەشێنن و لە ناوی بەرن چونکە بوونی ئەم پیاوە مەترسیەکی گەورە بووە لە ڕێی ئەوان بەلاّم ئەو گوێی نەداونەتێ و هەر سور بووە لە سەر شوێن پێ هەڵگرتنی خۆی.. جگە لە شوێن پێهەڵگرتن مام کوێخا عەلی دەستێکی‌بالاّی هەبووە لە بواری سایکۆلۆژی (دەرونزانی)وەك بەهرەیەکی خوایی هەر بەتەخمین کردن و خوێندنەوەی دەم و چاو پیاو خراپان و دزانی دۆزیوەتەوەو ئاشکرای کردوون .

## دۆزینەوەی دز بە شوێن پێ هەڵگرتن:

دەگێڕنەوە کاتی خۆی لەدەوربەری ساڵانی ١٩٥٧-١٩٥٨ هەندێ لە جوتیارانی گوندی تاڵەبانی گەورە وەك مام عەلی شەنگەو مام حەمە سورو مام کوێخا شەریف لە بانی تاڵەبان لە شەوینە جوتی بەهاری دەبن کە شەوینە جووت ئەوسا هەبوەو بە گا جوتیان کردووەو شەو ئەگەر مانگە شەوو ڕوناك بوایە جوتیان کردووە دەنا گاکانیان لەوەڕاندووە بۆ ئەوەی گا تین و ووزەی جوت کردنی هەبێت..کاتێك ئەو جوتیارانە لە درەنگی شەو لە ماندوویی‌یا گاکانیان بەڕەڵای ناو گیاو گۆڵ کردووە بۆ خۆیان ئێی خەوتون دز بە دەرفەتیان زانیوەو شەش

گـای ئـەم جوتیارانەدەبـەن و دەڕۆن .ئـیتر کـاتێ خەبـەریان دەبێتـەوە گاکانیـان نـەماون دەزانـن دز بردونـی ئـەوانیش دەچـن بـە دوای مـام کوێخاعەلی لە شیواشۆك ئەویش بە هانایانەوە دێو لـە بـانی تاڵەبانـەوە شوێن پێی دزەکان هەڵدەگرێو تادەگاتـە بەردەرگای ماڵێك لـە گونـدی (تیمارۆك)و گاکان دەدۆزێتەوە .

**دۆزینەوەی دز بە خوێندنەوەی دەم و چاوو بە شێوەیەکی سایکۆلۆژیانە :**

دەگێڕنەوە کاتیخۆی کابرایـەکیبیتوێنی لـە گونـدی کـانی مـاران چـەند هیـزە رۆنێکـی لێ دەدزرێ کـە هیـزە ئەوسـا لـە پێـستەی مـەڕو کـاوڕو خۆشـکراوە ڕۆنـی کـەرەیان تێکـردووە .دیـارە ئەوسـاش ڕۆن زۆر بـەنرخ بووە ئیتر کابرا لەوێوەوە سەر هەڵدەگرێ دێ بە دوای مام کوێخاعەلی و ئەویش دەچێ لە گەڵیاو لە کابرا دەپرسێ لە کەیـەوە دزیەکەت لێکراوە ئـەویش دەڵـێ (٥-٦)ڕۆژ دەبـێ مـام کوێخـاش دەڵـێ خـەمت نـەبێ دۆزینەوەی لەسەر من ئەمـەیان پێویـست بە شوێن پـێ هـەڵگرتن ناکات ئەویش دەڵێ چۆن مام کوێخا دەڵێ ببمە بـۆ لای ئاغـای گوندەکـەتان و حەقت نەبێ کابراش دەیبـات بـۆ لای ئاغـای گوندەکـەیان مـام کوێخـا بـە ئاغاکەیان دەڵێ ئەم پیاوە دزی لێکراوە دەمەوێ یارمـەتیم بـدەی تابیـان دۆزمەوە ئاغاش دەڵێ فەرموو چیت دەوێ بۆت ئەنجام بـدەم مـام کوێخـا دەڵێ هەر چی پیاوانی ئەم گوندە هەیە بیان هێنە مزگـەوت چیـترم نـاوێ ئاغاش خەڵکەکەی بۆ کۆدەکاتەوە ئەویش بە ڕیز بـە ناویانـدا دەگـەڕێو سەرنج دەگرێتە دەم و چاویان و لەبەردەم یەکێکیان هەڵوەستە دەکات و گومانی لێدەکات یەکسەر دەڵێ تۆ شانت بە ڕۆنـە کـابراش دەم و چـاوی

هەڵدەبزرکێو ئاوڕ لە شانی دەداتەوە دەڵێ فەرموو تۆ وەرە دەرەوە بە ناو ڕیزەکانی تردا دەگەڕێ یەکێکیان دار جگەرەیەکی درێژی پێدەبێت و سەری شۆڕ دەکاتەوە دار جگەرەکە ئەم دەست و ئەو دەست پێدەکا لە سیمای وورد دەبێتەوە ئەویش زمانی تەتەڵە دەکاو بەویش دەڵێ فەرموو تۆش لە ڕیز وەرە دەرەوە  بەم شێوەیە هەردوو دزەکە دان بە دزیکردنەکەیان دادەهێنن و ئاشکرایان دەکات.[١٣]

---

[13] ئەم بابەتە بڵاو کراوەتەوە لە لاپەڕە (٦)ڕۆژنامەی (تاك) ژمارە (١٥)ی ئازار ٢٠٠٦.

# شایەدیەکی بەهەق لە سەر شوێن هەڵگرتنی (مام کوێخا عەلی)



**مقدم دڵشاد موحەمەد جەلال[14]**

١-لە ساڵی ١٩٧٢ مەئمور مەرکەزی پۆلیسی کۆیە بووم بەیانیەکی وەرزی هاوین هاوڵاتی (ئەندرا ووس مەتی) دانیشتووی هەرمۆتە هاتە

[14] دڵشاد موحەمەد جەلال ناسراو بە دڵشاد مامە لە دایك بووی ساڵی ١٩٤٣ لە گەڕەکی قەڵات لە شاری کۆیە لە بنەماڵەی غەفوری.لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٨ بەشداری خولی مفەوەزی تایبەتی بووە لە بەغداد لە کۆلیژی ئیحتیاط دەورەی تەواو کردووە ،ساڵی ١٩٧٠مەئمور مەرکەز بووە لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کۆیە ،لە دوای تێکەڵبونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی (شۆڕشگێڕان لە گەڵ پارتی لە ١٩٧٤/٣/١١ بووە بە پێشمەرگەو دواتر پلەی سەر لقی وەرگرتووە ڕۆڵی باڵای هەبووە لە ناوچەی بێتواتە ، دوای نسکۆی ١٩٧٥ هاتۆتەوە ناو ڕژێم و گواستراوەتەوە بۆ وەزیفەی مەدەنی بە ناونیشانی نوسەری دارایی (کاتب مالیە)، دواتر ٦,٥ ساڵ و نیو دوور خراوەتەوە بۆ پارێزگای دیوانیە ،ساڵی ١٩٩٢ گەڕاوەتەوە بۆ سلکی پۆلیس و ئەفسەری بنکەی کۆیە بە پلەی نەقیب ئێستا بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیەیە بە پلەی مقدم.

لام پێ ی ووتم :ئەمشەو پێنج بەرخی دابەستەو یەك گیسکیان لێ دزیووم .منیش پێم ووت :سکالآت هەیە ووتی بەڵێ بەلآم شکم لە کەس نیە وادیار بوو نەیدەویست بڵێ شکم هەیە .منیش لە دوای ئاکارەکان (اجرء ات)ی یاسایی پێم ووت :ئەگەر بە خێرایی بگەیتە (شیواشۆك) لەوێ (کوێخا عەلی )بهێنی بۆ شوێن هەڵگرتنی دزەکان و ئاژەڵەکان .ئەویش بە قسەی منی کرد چوو بۆ گوندی شیواشۆك پێش نیوەڕۆ هاتەوەو کوێخا عەلی لە گەڵ خۆی هێنابوو .پاش ئەوەی بابەتی دزیەکەمان لە کوێخا عەلی گەیاند ووتی :زۆر ئاسانە .ئێمە وەك پۆلیس لە گەڵی چووین بۆ شوێنی ڕووداو لەوێ بە جوانی تەماشای جێگاکەی کردو هەندێ تێبینی بەدی کرد و بە دوای شوێنەکە ئەم لاو ئەولای دەکرد.ئێمەش لە گەڵی بووین ناو بەناو دەیووت ئەوەتە هاتۆتە ئێرە.دیسان دەگەڕا هەتا چوینە ناو باخچەی (عەلی مام ڕەشید)لەوێ ئێمەی بردە ناو ماڵی دوو برا کە باخچەوانی عەلی مام ڕەشید بوون یەکێکیان ناوی (خ)بوو ئەوی تریان (ع)بوو .کاتێك لە ماڵەکە نزیك بوینەوە چوینە بن کەپری باخچەکەیان بە دوای شوێنەکە .لە دوایی چوە ژووری ماڵیان دیتی مەنجەڵێك لەسەر ئاگر بوو دەکولآ چوو سەری مەنجەڵەکەی هەڵدایەوە گۆشتی تیا بوو.گۆشتەکەی دەرهێناو ووتی دەورن گۆشتەکەی دزراوە بیخۆن .ئینجا ئێمە هەلساین بە ڕۆڵی خۆمان هەردوو براکەمان هێناو لێکۆڵینەوەمان لە گەڵدا کردوو ئێمە دزیومانە لەگەڵ هاولآتی (ڕ)ئەویش کە دانیشتوی گوندی هەرمۆتە بوو پاش ئەوەی ئەویشمان هێنا دانی نا بە دزینی ئاژەڵەکان لە ئەنجامدا هەریەکێکیان بۆ ماوەی شەش ساڵ بەند کردن حوکم دران.



CamScanner

٢- لە ساڵی ١٩٧٣ وەرزی پاییز بوو هەندێ قوماش و هەندێ خەناوکەی ژنان لە هاوڵاتی (سەمەد تۆفیق)لە گوندی(فەقێیان)دزرا .کە قوماش و خەناوکەکان ئێرانی بوون.هاوڵاتی ناوبراو چوو بۆ گوندی شیواشۆك کوێخا عەلی هێنا بۆ شوێنی ڕووداو .ئەویش چووە شوێنەکەو شوێنەکەی هێناو برد تاوەکو هێنایە دەرکی خۆشناوان کە ئێستا دەکەوێتە نزیك خوێندنگای حاجی قادر لەوێ دوو تا سێ کۆڵانی پێکرد بردیە نزیك هەندێك ماڵ لەوێ دیار بوو نەیدەویست بیباتە ماڵەکەی دزیویانە لەبەر هەندێ هۆی کێشەی عەشایری نەوەك ڕووبدات بۆیە ووتی شوێنەکە بزر بووە .بەڵام خاوەن قوماش و خەنەناوکەکان تێگەیشت لە قسەکانی مام کوێخا زۆر سوپاسی کردوو ووتی ئەمە غەمی منە .لە دواییدا (سەمەد فەقێیانی) چاودێری ماڵەکانی کرد توانی ئەوەی لێی دزرابوو بیدۆزێتەوە قوماشەکانی بەدەست کەوتەوە.

٣- لە ساڵی ١٩٦٢ یان ساڵی ١٩٦١ بوو شەوێك لە نزیك شەقامی لای ئاشی خوارێ یەکێك کوژرا بە ناوی (ئەنوەر سدیق)دانیشتوی کۆیە بوو لە (دار المعلمین)ی (بەعقوبە)دەیخوێند بووە هەراو هۆسە لە کۆیە بۆ بەیانی چوون لە دوای مام کوێخا عەلیو هێنایان بۆ شوێن هەڵگرتن .مام عەلی شوێنەکەی بردە ڕێگای (حەمە بایزان)هەر بردیو هێنای زۆر گەڕا بە دوای شوێنەکە لە دواییدا هێنایەوە بۆ نزیك ماڵی کوژراوەکە کە لە گەڕەکی بایزاغا بوو لە دوای شوێنەکەی برد بۆ گۆڕستانی (دەروێش خدر)ووتی ئەوەتە هاتۆتە سەر گۆڕەکەیو لە دوای تەرمەکەشی ڕۆیشتووەو ووتی ئەمەیە دەیکوژێو لە دوای تەرمەکەی دەڕوا.



CamScanner

هەندێك تێبینی دەربارەی خوالێخۆش بوو کوێخا عەلی :

یەکەم:خەڵکی ناوچەکە هەندەیان باوەڕ بە مام کوێخا عەلی هەبوو دەیان ووت جیٚ پێی سوسکەی نێرو میٚ لەسەر شاخی هەڵدەگریٚ.

دووەم:کە دەچووە شوێنی ڕووداو تێبینی زۆر بە هێزی بۆ شویچن پێڵاوەیکە تەماشادەکرد بزانێت چەند بزماری پێوەیە شوێن بزمارەکانی تێبینی دەکرد بزانیٚ چۆنەو چۆن نیە یاخود پینەی لە بن پێڵاوەکە دراوەو یاخود نا .

سیٚ یەم :ئەگەر شوێنەکەی ئیٚوون ببوایە خەڵکی دەیان ووت دەزانیٚ بەلاٚم لەبەر کێشەی عەشایەری نایڵیٚ.

چوارەم:لە قولاٚیی جیٚ پێی پێڵاوەکە دەیزانی ئەو کەسە چەند وەزنی هەیە (قورسە)قەڵەوە یان لاوازە.[15]

[15] ئەم بابەتە بلاٚو کراوەتەوە لە لاپەڕە (٥)ڕۆژنامەی (تاك) ژمارە (١٣)ی کانونی دووەمی ٢٠٠٦.

# کوێخا عەلی شیواشۆکی

# بەهرە و داهێنان

**ڕێباز محمد حاجی عەلی**[16]

کوێخا عەلی کوڕی کوێخا سمایل لە ساڵی ۱۸۸۷ لە گوندی مەرزان لە دایک بووە دوای سەد ساڵ ژیان لە ڕۆژی نەورۆزی ساڵی ۱۹۸۷ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە .کوێخا عەلی بەهرەیەکی ئێجگار گەورەی هەبووە لە بواری شوون پێ هەڵگرتن و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی پەیوەندیان بە تاوانەوە هەبووە وەك کوشتن و ڕووت کردنەوەو دزی‌و ماڵ بڕین و ناسینی جەوهەری ئینسان بە سەیرکردنی دەم و چاوی .مام کوێخا عەلی دۆستێکی نزیکی خوا لێخۆش بوو حەمە ئاغای گەورە بوو ، کاتێك حەمە ئاغا لە دەوڵەتی عوسمانی قاچاغ دەبێ بۆ

16 ڕێباز محمد حاجی عەلی ڕۆژنامەی هاموون ،ژمارە (١٦)ساڵی دووەم ،ڕۆژنامەیەکی مانگانەیە کە لە شاری کۆیە دەردەچێت.

ماوەی سێ مانگ بە خۆی و (٣٠) سوار لە ماڵی مام کوێخا عەلی میوان دەبێت ڕێزی لێدەگیرێ بە حەمە ئاغا دەڵێ ((خۆشاردنەوە خۆپاراستن لە تۆو نان دان لەسەر من)).مام کوێخا بەشداری جەنگی جیهانی یەکەمی کردووە و چاوی کراوەتەوەو بەهرەو هونەری مامەڵە کردنی لەگەڵ خەڵك و ناسینی ئینسانی لێپەیدا بووە ،نمونەیەك لە بەهرەکانی مام کوێخا لە کاتی دامەزراندنی ناحیەی تەق تەق دوای دروست بوونی حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ بەڕێوەبەری ناحیە دزو ڕێگری خۆی هەبووە کە لە پەنای ئەو دزیان کردووە کوێخا عەلی دەتوانێ دزەکان ئاشکرا بکات و شوێن پێی هەڵبگرێ ،بەلاّم بەڕێوەبەر دزە لە ژوورێك دەکاو فەردە لۆکە دەخاتە ژووری ئازاردان و بە کوتەك لە فەردە لۆکەکە دەدەن دزەش هاوار دەکات مام کوێخا لە پیلانەکە دەگاو دەڵێ جەنابی مودیر ئەوە فڕو فێڵێکی ئاشکرایە من لە تۆ دونیا دیدە ترم .ڕەحمەت لە گۆڕی مام کوێخا عەلی شیواشۆکی .

تێبینی /مام کوێخا عەلی باپیری بەڕێز حاکم هیمداد مەجیدی دادوەری لێکۆڵینەوەی دادگای کۆیەیە.

# بەڕێز کاک هیمداد حاکمی کۆیە

**سلاوێکی گەرم لە فریشتەوە بۆ جەنابت**

کاکە :نامەکەتم بە دەست گەیشت زۆر سوپاس ، داوات کردبوو کە هەندێك زانیاریت بۆ بنوسم لەسەر بەڕێز خوا لێخۆش بوو کوێخا عەلی شیواشۆکی شوون هەڵگر.جامنیش ئەم بەسەر هاتەم لە یەکێك لە نەوەکانی ئاغای تاڵەبانیۆ وەر گرت :برایەك هەبووە لە گوندی تاڵەبان بە ناوی (عەبدول ڕەحمان وەرە)پیاوێکی حاڵ خۆش و مەڕدار بووە ،ئاغای تاڵەبانیۆ ناردویەتیە لای هەندێك ڕۆنی بۆ بنێرێت دوو جاری لە بۆ دەنێریۆ ، جاری سێیەم ووتویەتی نەمان ماوە ،ووتویانە بەهەر شێوەیەك بیۆ دەبیۆ بۆمان پەیدا بکەی ،دوایی ژنی ئاغای تاڵەبانیۆ کە خوشکی ئاغای تۆبزاوە بووە قسەکەی برای گێڕاوەتەوە ئەویش ووتویەتی باخەمی من بێت ، پاش چەند ڕۆژێك چەند زەلامێك دەنێریۆ بۆ شەر ماڵی(عەبدول ڕەحمان وەرە) کە دەچن لە پشتەوە دیوار کون دەکەن و دوو هیزە ڕون لەویۆ دەبیۆ دەیدزن ، ئەوانیش بەپەلە دەچن بۆ شیواشۆك بۆ لای کوێخا عەلی کە شونەکەیان بۆ هەڵگریۆ ، بەیانی کە دێت شوونەکە هەڵدەگریۆو دەیباتە سەر خەرمانەکی مابەینی ڕووباری

کۆیەو تاڵەبان ، کە دەچن داوا لە خاوەنی خەرمانەکە دەکەن کە ڕێگایان بدات کە خەرمانەکە بپشکنن ئەویش دەڵێ لێم تێک مەدەن ئامادەم کردیە بۆ جەنجەڕ ، ئەوانیش دەڵێن بۆت چاک دەکەینەوەو دەست دەکەن بە گەڕان تا دوو هیزە ڕونەکە دەدۆزنەوەو دەیداتەوە خاوەنیو ئەویش زۆر سوپاسی دەکات و دەیباتەوە ماڵی خۆی .

هیوادارم کەڵکی هەبێت و سەرکەوت و بی لە کارەکەت لە گەڵ ڕێز و سوپاسم

پورت

فریشته[17]

٢٠٠٦/٤/٣

[17] ناوی (خەدیجەی مستەفای حەوێزی)یە ، ساڵی ١٩٢٦ لە دایکبووە ، خوشکی هەردوو شاعیری کورد (کەریم شارەزا و دڵزاری شاعیر)ە ، ساڵی ١٩٤٣ دەستی کردووە بە شیعر نووسین ، ساڵی ١٩٤٨ پەیوەندییکردووە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردەوە، ساڵی ١٩٥٨ بووە بە سەرۆکی کۆمەڵەی ئافرەتانی کۆیە ، ساڵی ١٩٥٩ بە گەشتێك بۆ وڵاتانی چین ، سۆڤیەتی جاران ، کۆریای دیموکرات ، تورکیا ، ڤێتنام ، ئەڵمانیا ، و لوبنان گەڕاوە ... ژنێکی تابلێی خەباتگێڕ و ڕووناکبیری کوردستانە.

# پەیڤێکی پێویست لە دوا وێستگەی دۆسیەی عەلی شوون هەڵگر



ئاراس ئیلنجاغی[18]

شوون هەڵگرتن لە کۆندا پیشەیەکی متمانە دارو جێگەی باوەڕ بووە ، زۆر لە بلیمەتانی کورد بە بیر تیژیو سەرنجی وورد هەوڵیان داوە ئەم

[18] ئەم بابەتە لە ژمارە (١٦)ی نیسانی ٢٠٠٦ ڕۆژنامەی (تاك) لە لاپەڕە (٦)بەناوی (ع.فەتحوڵلاّ)بڵاّوکراوەتەوە.

نوسەری ئەم بابەتە ناوی تەواوی (ئاراس عمر فەتحوڵلاّ کاوێس)ساڵی ١٩٧٦ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە دایك بووە ، قۆناغەکانی سەرەتایی ناوەندیو دواناوەندی لە تەق تەق تەواو کردووە ، لە ساڵی ١٩٩٨ کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاّحەدین بەشی جوگرافیای تەواوکردووە ، ساڵی ٢٠٠١ دەستەی نوسەرانی مانگنامەی تەق تەق بووە ، لە دامەزرێنەرانی ناوەندی ڕۆشنبیری تەق تەقە کە لە ٢٠٠٥/٩/٤ دامەزراوەو لێپرسراوی بەشی کارگێڕیەتی ، لە ٢٠٠٤/١٢/٢٤ تا ئەمڕۆ سەرنوسەری (تاك)ی ناوەندەکەیە ، ئێستا مامۆستایە لە ئامادەیی تەق تەقی تێکەلاّو.

کاره بکەن وەك دەروێش مەولود مام حەسەنی تاڵەبان و ماو کوێخا شەریفی کوڕی فەتاح و مام ڕەحمان بایزی ئیلنجاغ و مارفی حەسەنی ئەحمەدی حاجی جەردیس ، بەڵام هەریەك لەمانە نەیانتوانیوە وەك کوێخا عەلی سەرکەت و ناودار بن لە سنوەرەکە ، لە دوا وێستگەی دۆسیەی عەلی شون هەڵگردا بە پێویستی دەزانم بڵێم ئەگەر خواردنێکی خۆش هەبێ واباوە مرۆڤ دەڵێ با ئاهێکی دەروونی لێبشکێنم ، دۆسیەی عەلی شون هەڵگریش وای کرد منیش وەك ئاهە دەرونیەکە بە نوکە قەڵەمێك کوزرکوتی پاشماوەی ڕەوسەی ئەو خەرمانەی سەرخەرمانی (تاك)بکەم کە لێرەو لەوێی کوردەواری ووتراوە"تا لە کوزر بدەی گەنمی لێپەیدا دەبێ"، بەداخەوە کە ئەم دۆسیە دادەخەین چونکە گومان لەوەدا نیە هێشتا ڕووداوی جۆراو جۆری دان سەق و ناوازە ماوە کە ئەمڕۆ ئێمە نەمان توانیوە ئەو کەسانە بدۆزینەوە کە شایەت حاڵی ببون ، وەك گەواهی دانی بۆ ئەم قسەیە لە بەرواری ٢٠٠٦/٣/٣٠ لەگەڵ ماموستا (فریدون حمزە)لە تەق تەقەوە دەچوینە شاری کۆیە شۆفێری ئۆتۆمبیلە کە (شەهابی حاجی لەتیفی دار بەڕوو )بوو ، دوای باس گەلێك باس هاتە سەر باسی کوێخا عەلی شوون هەڵگر ئەم شوفێرە ووتی :منیش زۆرم لەسەر کوێخا عەلی بیستوە بە تایبەت دەڵێن جارێکیان لە گوندی داربەڕوو خەنجەرێك دەبردرێت دوای هانایان برد بۆ مام کوێخاو دۆزرایەوە ، جگە لە شوون ئەو بە هێز بووە لە قەناعەت پێهێنان بەهەر کەسێ ئەگەر خواستی لەسەر بوایە .مام نادری کەریمی تاڵەبان برای شەهید نامیق ئەوەی ئەو پێی سەیر بوو ئەوە بووە کە مام کوێخا توانیویەتی شوون پێ لە نێو ئاویش بزر

نەکات ، هەر بە نمونە باسی شوون پێ هەڵگرتنی مام کوێخای کرد لە زێـی بچووك پەڕاندویەتیـەوەو بـە پێـچەوانەشەوە .مستەفای حاجی ساڵحی ئیلنجاغ ووتی :دەیتوانی لە نێو دەغڵ و تەبارەو قەرسیل سمی گیسکەمێ و نێر جیا بکاتـەوەو ،ئەو وەسفێکی تری مام کوێخای بۆ کـردم کاتێ ووتـی زۆر لێـزان بـوو لـە قسەکردن دەیتـوان لـە یـەك کاتـدا بەگریانت بهێنێ یا بەپێکەنین.

مام کوێخا خەسڵەتێکی چاکی هەبووە کە لە بواری کۆمەڵناسیدا درك بە ئـەدگارو تایبەتمەنـدی کۆمەڵایـەتی گونـدەکانیش بـەرێت ، تـا لـە دیوەخانـەکانی سـەردەمی خۆیـدا ووتویـەتی "فلانـە گونـد تـا ژنیـان لـە فلانـە گونـد نـەهێنا بەشـەڕ نـەهاتن"، مـام حەمـەدەمینی شیواشـۆك ، کەبەڕەچەڵەك خەڵکی گوندی گەرمکی تـەق تەقە ، چەند وەسفێکی مـام کوێخای بۆ کردم لەوانە "میوان دۆست و سەخی تەبیعات بوو ، بۆ هـەر کوێیەك ئاشتی (صلح)هەبوایە بانگیـان دەکـرد وە ئەگـەر لایـەنێك خـۆی گرانبکردایە بێ منەتی دەکرد و دەیووت هیچتان پێناکرێ یا چیتان لـە دەست دێ بیکەن، هەروەها لە بواری شارەزایی لەسەر شون هـەڵگرتن و دەروناسیدا ووتی جارێکیان لە سنوری حاجی ئۆمـەران لـە نێـوان دوو بوکدا توانیویەتی پەی بەوە بەرێ کە یەکێکیان دزی کردووەو وە پێشی ساغ کردۆتەوە .

مـام حەمـەدەمین دەڵـێ مـام کوێخـا لـە شـون هـەڵگرتن دوو شـتی بـەکار دەهێنا (ئەقڵ و فەراسەت)هەر بۆیە هەندێ جار لەسەر سنوری تورکیاوە بەدوای هاتوون یا لەباشوری عێراق لە شاری دیوانیە بە دوایا هـاتون و چووە تاوانباری دۆزیووەتەوە. فاتح خورشید ڕەشید ئەمڕۆ هاوڵاتیەکی

شارۆچکەی تەق تەقەو لە نێوان سالآنی (١٩٧٠-١٩٧٣) لێپرسراوی یەکەمی بنکەی پۆلیسی تەق تەق بووە بە پلەی مفەوەز لەم نێوەندەدا (٥-٦)ستونی (عمود)تەلەفۆنات لە نزیك مزگەوتی گەورەی تەق تەق دەدزرێ ، ئەو کات یا دەبوایە بدۆزرێتەوە یا سزا بۆ لێپرسراوی بنکەکە دەردەچوو ، هەر بۆیە کاك فاتح پێی ووتم ناچارم بووم بە پۆلیسی خەیالە(واتە ئەو پۆلیسەی بە سواری وولآغە بەرزەوە کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا)بنێرم بە دوای مام کوێخا عەلی لە گوندی شیواشۆك ، مام عەلی بە هانامانەوە هات سەرەتا کە هاتە تەق تەق نیوەڕۆ بوو پێم ووت مام کوێخا خۆ نانت نەخواردووە ئەویش ووتی ئێمە لە ڕێگەوە هاتین لە کویێ نانمان خواردووە ، منیش خزمەتێکی باشم کرد بۆ نیوەڕۆ دواتر پاش نیوەڕۆ لە نزیك مزگەوتی گەورە دەستی بەشون هەڵگرتن کردو هەرچەندە شون پێیەکان زۆر زاك زیگ و خوارو خێچ ڕۆیشتبوون بەلآم توانی لەبەر دەرگای ماڵێك بوەستێ [19] و کۆتایی بە گەڕانەکەی بهێنێ ، منیش خاوەن ماڵم بانگ کردو سەرەتا نکوڵی کردو ووتی من نیم ، بەلآم من ووتم تەنها مەبەستمان گەڕانەوەی ستونەکانەو هیچ جۆرە سزایەکت نادەین بەم شێوەیە بەیانی کاتژمێر (٨-٩)عامودەکانی لەبەردەم مزگەوتیگەورە دانابۆوە..کازم کۆیی مامۆستاو شاعیرو نوسەر لە نامەیەکدا لە ٢٠٠٦/٣/٣ بۆڕۆژنامەی (تاك)ی ناردووە کە تێیدا کۆمەڵێك ڕێنمایی پڕ بایەخ و گرنگی بۆ ناردبوین کە جێگای سەرنجی تاك بوون ،ئەوەی لەم نوسینە جێگای ئاماژە پێدانە لە دەقێکی

---

[19] فاتح خورشید پێ ی خۆش نەبوو ناوی کەسەکانی ڕووداوە بهێنێت.

نامەکەیدا هاتووە(ئەو بابەتانەی لەسەر بەڕێز عەلی شوێن هەڵگر نەهێڵن دوای بڵاوکردنەوەی هیلاکیەکەتان بە فیڕۆ بڕوات بەڵکو لەسەر شێوەی نامیلکەیەك چاپی بکەن و بڵاوی بکەنەوە بە تایبەتی بۆ کتێبخانە گشتیەکانی کوردستان و سەنتەرە ڕۆشنبیریەکانی بنێرن تاکو زۆربەی خەڵکی سودی لێوەربگرن)بۆ ئەم پێشنیارە (تاك) پەیوەندی بە خانەوادەی کوێخا عەلی شون هەڵگر کردو بڕیارمان دا کە لە زنجیرە (٢)ی بڵاوکراوەکانی (ناوەندی ڕۆشنبیری تەق تەق ) وەك کتێبێکی تایبەت بە کوێخا عەلی شون هەڵگر بڵاو بکرێتەوە کە لە نوسین و ئامادەکردنی دادوەر (هیمداد مەجید عەلی مەرزانی)ە .

CamScanner

# بەشی سێیەم



## شوێن پێ هەڵگرتن

## لە ڕوانگەی شەریعەت و یاسادا

بۆ ئەم مەبەستە واتا باسکردنی شوون هەڵگرتن لە ڕوانگەی شەریعەو یاسادا پەیوەندیم کرد بە براو مامۆستای بەڕێزم کاک د.جەمال محمد باجەلان بۆ ئەوەی شتێک لەسەر شوون هەڵگرتن بنوسێت لە ڕوانگەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام و فیقهی ئیسلامیدا وە بەڕێزیان زۆر بە ڕێزو خۆشحاڵی و بە سینگێکی فراوانەوە بەدەنگ داواکاریەکەمەوە هات و بە ڵینی دا بابەتێک لەم بارەیەوە بنوسێت وە بەڵێنەکەی خۆی بە جێهێنا و لە ژمارە (١٤)ی ڕۆژنامەی (تاک)دا ئەم بابەتەی بلاوکردەوە ،بۆیە منیش بڕیارمدا شتێک لەسەر شوون هەڵگرتن لە یاسادا بنوسم وە منیش ئەم بابەتەم نوسیو لە ڕۆژنامەی (تاک) لە ژمارە(١٤)ی بلاوکراوەیەوە، بۆیە ئەم دووبابەتە وەک خۆی یەک لە دوای یەک لەم بەشەدا دەخەمە ڕوو.

# شون هەلگرتن

# لەرێبازی فقهی ئیسلامی[1]



د. جمال محمد- باجەلا ن- زانكۆی كۆیە*

لەدێر زەمانەوە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەردەم پێشكەوتن و دواكەوتنی پەیوەستبووە ، بەدەستەبەربوونی بەشەرع ویاساوە . هەردەم دادوەر لەهەوڵدانی گەیشتنە بەماف . ئینجابەهەر هۆیەك بووبێ

---

[1] ئەم بابەتە بلأو كراوەتەوە لە لاپەرە (٥)ڕۆژنامەی (تاك) ژمارە (١٤)ی شوباتی ٢٠٠٦.

* د.جەمال محمد فقی رسول باجەلان ، لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی تاڵەبانیگەورە لە دایك بووە ، بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە علومی ئیسلامی وەرگرتوە لە كولیجی ئیمامی ئەعزەم لە زانكۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٧٦ وە بڕوانامەی ماستەری وەرگتوە لە ساڵی ١٩٨٥ لە فكری ئیسلامی ، وەبڕوانامەی دكتۆرای وەرگتوە لە ساڵی ١٩٩٠ لە فقهی ئیسلامی ئێستا یاریدەدەری پرۆفیسۆرە لە كۆلیجی شەریعەو یاسا لە زانكۆی كۆیە وە یاریددەری ڕاگری كۆلیجی شەریعەیە لە كۆیە وە چەندین بەرهەمی چاپكراوی هەیە:

١-المرأة في الفكر الاسلامي -جزءان -وترجم الى اللغة الفارسية.

٢-اسحاق بن راهوية واثره في الفقه الاسلامي.

٣-الرابط على الاصول والضوابط للنووي -شرح وتعليق-وە (١٩)لێكۆڵینەوەی زانستی لە بواری جۆراو جۆر بلأو كردۆتەوە وە (١٠)لێكۆڵینەوەی بلأونەكراوەی ئامادەیە بۆ بلأوكردنەوە.

، بەپێی شارستانی ئەو دادگاو دادوەرەی کەلەناو کۆمەڵگەکەبووە ،چ شایەتی ، یان دان پیّ داهێنان یا بەسەرنجدان بۆدەم وچاوی تاوانبار یان لیّدانی دەماری مل یان دەماری خوێن هێنەری دڵ یاوەرگرتنی مۆری پەنجە ( طبعة الاصابع ) یازیاد لیّدانی کوتەی ( ترپەی ) دڵ پیّ بەپیّ لەگەڵ پێشکەوتنی زانیاریتەکنەلۆجیا وەك ئامێری ئاشکراکردنی درۆو شتی تر . ئینجا ئەوەی ئەمەویّ لێرە باسی بکەم ( شون هەڵگرتن ) لەڕووی شەرع و فقهی ئیسلامەوەیە ، شون هەڵگرتن ( قیافە ) لەگەڵ نهێنی ناس ( الفراسة)دووشتی لێکەوە نزیکن ، بەلاّم هەریەکە مانای جودای هەیە :

یەکەم : شون هەڵگرتن بەعەرەبی پێی ئەڵێن (قیافة )وەووتراوە (قف اثره أي تتبعه) واتاشوێنی کەوت یان شوێن پێی هەڵگرت یا بەشوێنیا ڕۆیشت یا دوای کەوت [٢]

دووەم : نهێنی ناس یا سڕناس بەعەرەبی پێی ئەڵێن (فراسة )ووتویانە : ( فراسة : معرفة الاخلاق من الملامح ) ڕوناس ، ڕوکەش زانی [٣] سڕناس ، نهێنی زانین [٤]

ئینجا لەئاینی ئیسلام (قیافە ) لەشتی زۆر گەورەو سامناك بەکاریان هێناوە وەك ئەوەی گومان بکرایە لەنەسەبی منداڵێك، هەرکەسێك ( قائف ) یا ( عارفە )ئەیان هێنا تەماشای منداڵەکەو باوکی یا ئەوکەسەی

---

2 فەرهەنگی شیرین ، فازڵ نیزامەدین، چاپی چوارەم ، ٢٠٠٤، ل ٦١٤

3 هەمان سەرچاوە ل ٥٤١

4 فەرهەنگۆکی یاساپارێزی ، چاپی چوارەم ، ٢٠٠٦ ل ١٨٠

کەپێی تاوان بارکرابوو پاش سەرنجدانی هەردووکیان حوکمێکی ئەکردوو لێی وەرئەگیرا .حەدیسێکی بوخاری وموسلم هەیە لەعائیشەوە گوێزرایتەوە (دخل علی رسول اللة صلی اللة علیه وسلم مسروراً تبرق اسارير وجهه . فقال: الم تری ان مجزراً المدلجی دخل علی فرای اسامة وزيداً عليهما قطيفة قد غطيابها روؤسها وقد بدت اقدامها . فقال: ان هذه الاقدام بعضها من بعض)[5] واتاکەیبەکورتی : عائیشە دەڵێ پێغەمبەر (د. خ) هاتەماڵەوە زۆر خۆش حاڵبووفەرمووی نەت بینی ئەمڕۆ ( مجزر ) کەکابرایەکی ناودراربوو بەقیافە هاتە لام چاوی بەئوسامەو زەیدی باوکی کەوت دەم وچاویان داپۆشی بوو قاچیان بەدەرەوە بوو ووتی " ئەم پێیانە هەندێکیان لەهەندێکیانن – واتا باوکووکوڕن . زۆر لەڕووداوی لەم شێوەیەوە لەسەرچاوە فیقهی وحەدیسەکان بەرچاوی ئەکەوێت.[6]

سێیەم : ئینجا شون هەڵگرتن لەئایذیئیسلام لەحالەتی نەبوونی بەڵگەی وەك شایەدو دان پێدانەهێنانی تاوانبارو نەبوونیبەڵگەی تر بۆدادوەرهەیە وەك نیشانی تاوان نەوەك بەڵگە (للإستئناس لاللإستدلال ) کەکاری پیّ بکا – ئەگەر قازی بڕوای هات .

---

[5] اخرجه البخاری ومسلم فی صحيحيهما( نيل الاوطار، ج ٦ ، ل ٢٨٢

[6] تکملة المجموع جزمی ٢١– ل ٣٥١–٣٧١ وتبصرة الحکام لابن فرحون ج٢ ص٩٩ ، التنبه للشبرازی ص١٩٢

چـوارەم : لـەبارەی ( الفراسـه ) یـا (التفـرس ) پێغەمبـەری ئیـسلام فەرمویـەتی (اتقـوا فراسـة المـؤمن فانـه ینظربنوراللـة)[7] واتـا خۆتـان بپـارێزن لـەنهێنی ناسـینی موسـوڵمانان لەبەرئـەوەی بـەنوری خـودا تەماشائەکا .

پێنجـەم : لـەکاتی خەلیفـەی سێیەم عوسمـانی کـوڕی عـەفان کابرایـەك هاتە لای و عوسمان پێی ووت ( أما یستحی أحدکم یدخل علینا وعلیه أثرالزنا) ئایە ئێوە شەرم ناکەن پاشماوەی زینا بەچاوتانەوەیە کابراش ووتی " چیە ؟ وەحیت بۆهاتووە . وتی" نەخێر ئەمە فیراسـەتە ئینجا کابرا دانی بەوە داهێنا لەرێگا تەماشای ئافرەتێکی نامەحرەمی کردبوو لەرێگای هاتنی بۆلای خەلیفە .

شەشـەم : ئینجـا لەپێـشینانی ئیـسلام هەنـدێ لـەدادوەرەکان لـەکاتی نـەبوونی بەڵگـەی شـەرعی کاریـان بـە فیراسـە ئـەکرد یـەك لەوانـە قـازی ئەیاس کوڕی موعاویە کە لە ( ٧٤٠ز) ی مردووە زۆر بلیمەت وفیراسەت دروستبووە[8] ابـن القیم الجوزیـه کتـابێکی دانـاوە بـەعنوانی (الفراسـه) شتیزۆر نایابوو سەرسوڕهێنەری تێدایە .

حەوتـەم : ئینجـا ئـەوەی ئەمـەوێ لێـرە باسـی بکـەم ئەوەیـە گـەلی کـورد پیـاوی ژیـرو نهێنـی ناسـی زۆری هـەبووە یـەك لەوانـە خـوالێ خۆشـبوو کێخـوا عـەلی شیواشـۆکی کـە یـەکێك بـوو لـەو شـون هـەڵگروو نهـێنی ناسـانەی کوردسـتان کـەزۆر تـاوان وڕووداوی سـەیر سـەیری

---

[7] الجامع الصغیرللسیوطی ، ج١ ل ٢٩

[8] الاعلام للزرطلی ج٢ ل ٣٣

ئاشکراکردووە کەهەندێکیان لەڕۆژنامەی ( تاك ) کەوتە بەردیدەی خوێنەرانی خۆشەویست . وەلەو بڕوایەدام ئەوەی لەیاد چۆتەوەو باسی نەکراوە گەلێك زۆرترە .

هەشتەم : ئینجا دادوەر کاك هیمداد کەنەوەی کوێخا عەلی شیواشۆکە ئاگاداری کردمەوە بەتەمای نوسینێکە لەسەرشون هەڵگری بەناوبانگی دەشتی کۆیە کوێخوا عەلی شیواشۆکی من بەش بەحاڵی خۆم وێڕای دەست خۆشیکردن هانمدا زۆربەوردی وبەهێواشی بکەوێتە پرسیارو بەدواچونەکەی تابیکا بەنامەیەکی قەشەنگی شیاو یەکەم : وەك وەفاداریەك بۆخانەوادەکەی .

دورەم : ببێتە هاندەرێك کەزۆرشت ئەزانن لەبارەی بەسەرهاتوو ژیان نامەی زۆر لەشاعیران وکەڵەمێردانی وولاتەکەمان و زۆربابەتی زانیاری جۆراو جۆر ئینجا لەهەربوارێك بێت کەشتەکە سودمەندبێت تۆماری بکەن بلاوی کەنەوە تالەداهاتوودا ببێتە سەرچاوەیەکی زانیاری بۆکەسانێك کە توێژینەوەی گەورەی وەك ماستەرودکتۆرا ئەنووسن بەڵکوو ڕۆژێ بێت چاومان گەشببێت بەدەریای زانیاری ( الموسوعة العلمیة ) یا ئینسکلۆپیدیای کوردی . ئینجا تائەو کات وساتە بەخواتان ئەسپێرم چاوەڕێی هیمەتی خاوەن خامەکانین .

# شوێن پێ هەڵگرتن لەڕووی یاساییەوە[9]

لەسەردەمی یۆنانیەکاندا...... ئەرستۆی بلیمەت و زانا کە لەسەدەی سێ یەمی پێش زاینەوە ژیاوە لێدانی دڵی کردووە بەپێوەر بۆدۆزینەوەو ئاشکراکردنی تۆمەتبارئەگەرکابرایەك گومان کردنی تاوانێکی لێ کرابێت هێناویە دەستی خستۆتە سەردڵی ئەگەردڵیبەتوندی و خێرایی لێی دابێت ئەوا تاوانەکەی بەسەرا سەپاوە و پاکانەکانی ڕەت کراوەتەوە و بەدرۆخراوەتەوە .

خۆئەگەردڵی ئاسایی و لەسەرخۆ بووبێت گومان لێکراوەکە ڕاستگۆ دەرچووە و بەخشراوە .

وە لەنوسراوەکانی چینی کۆندا هاتووە کە ئەوانیش بەرلەئەرستۆ لێدانی دڵیان بەکارهێناوەبۆئاشکراکردن ودۆزینەوەی تۆمەتبار بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا سوودیان لەلیکی زاربینیوە . بەمەبەستی دۆزینەوی

---

9 دادوەر هیمداد مەجید عەلی مەرزانی : ڕۆژنامەی (تاك) ژمارە (١٤) ساڵی دووەم ، شوباتی ٢٠٠٦ ئەم ڕۆژنامەیە مانگانە لە لایەن ناوەندی ڕۆشنبیری تەق تەق)ەوە دەردەچێ



CamScanner

تۆمەتبار . وەهەندێك برنجی ووشكیان لەزاری ئەو كەسە كردووە كەگومانیان لێی بووە . پاش جوین و هێنان وبردنی لەناو دەوی . دەریان هێناوە . ئەگەربرنجەكە تەڕ بوایە ئەوا ئەو كەسە بەبێ تاوان دادەنرا ئەگەربرەنجەكە ووشك بوایە ئەوابە تاوانبار دادەنرا چونكە كەسی تاوانبارلەترسان قورگی وشك دەبێت وتەڕایەتی لەزاری نامێنێ .
پێش سێ هەزارساڵ ئەوخێڵ وهۆزانەی لەبیابان ودەشتەكان ژیاون شوون هەڵگرتنیان بەكارهێناوە و لەناو عەرەبەكانیش دا پێی وتراوە ( قص الاثر) كەلە دۆزینەوەو بەسەركردنەوەی تۆمەتباران كراوە بەنیشانەو بەڵگەی یەكلاكردنەوەی شوێنەوارو شێوەو پێڵاوەكانی .
بەلام شوون هەڵگرتن بۆیەكەم جار لەساڵی ١٧٨٧ لەتاوانەكەی ( ریتكاردسن ) پشتی پێ بەسترا بۆڕونكردنەوەی ئەوتاوانەی كەڕووی دابوو وەك بەڵگەیەكی زانستی كە ئەمە دەقی ڕوداوەكەیە : ڕۆژێكیان جوتیارێكی سكۆتلەندی دەچێتە پەرێز بەنیازی دروێنەكردن كەدەگەڕێتەوە دەبینێت كچەكەی سەربڕاوە بەڕێگایەكی دڕندانەو لاشەكەی فڕێ دراوە دوای ( تشریح ) توێكاری پزیشكی ئاشكرادەبێت كەواتۆمەتبارەكە چۆپان بووە وەهەروەها پسپۆڕیش شوێن پێیەكانی دەدۆزێتەوەو كەكابرا پێڵاوی لەپێ بووە بۆلای گۆمێكی نزیك كەپرەكەیان ڕۆیشتووە دیارە قیاسی شوێن پێیەكە دەگرن و شێوەو شكلی و ڕەسمی وەردەگرن لەمانە بۆیان دەردەكەوێت كەپێڵاوەكە پاشپانیەكەی تازە پینەكراوەتەوە و بزمارێكی زۆری پێوەیە وەدڵۆپەخوێنكیش لەڕێگای شونەكە دەبینەوە لێكۆڵەرەوە قالبێكی گەچ بەئەندازەی شوون پێیەكان دروست دەكات وەهەروەها لەكاتی تەشریح

کردنی تاوان لێ کراو دەردەکەوێت سکی هەیە بۆیە لێکۆڵەرەوە بۆئەوە دەچێیت کە ڕەنگە هۆی ئەم تاوانە ئەم سك پڕکردنەی کچەکەبێت بۆیە لێکۆڵەرەوە وای بەباش دەزانێت جارێ ئاشکرای نەکات تاوەکوو گومان لێکراویش لەکاتی شاردنەوەی تەرمەکە بێتە سەرقەبران و شك لەخۆی نەکات لەوەی گومانی لێ دەکرێت . بۆیە دوایی شاردنەوەی تەرمەکە لەسەرگۆڕستان دەست بەجێ قیاسی پێلاوی ئامادەبوانی سەرگۆڕستان وەردەگیرێت لەدوای پشکنین ساغبوەوە کە پێلاوەکە هی (ریتکاردسن)ە . وەهەروەها چۆپانیش دەرچوو. بەلام لەبابەت ئەوەی کەواڕۆژی ڕوداوەکە لەکوێ بووە کەلێیان پرسی ووتی لەمەڵبەندی کارکردنی خۆی بووە بەلام لەدوایدا ساغ بۆوە کە وا بۆماوەی نیوسعات شوێنی کارکردنی بەجێ هێشتوە لەلایەکی ترەوە پیاوێکی لەشێوەی ئەو لەشوێنی ڕوداو دیتراوە . سەرەڕای ئەمانە کاتێك خانوەکەیان پشکنی گۆریەو شت ومەکی بەخوێنیان دۆزیەوە لەوشمەکانەی کەدای کەندبوو کەلەتە قوڕێکی پێوە نوسا بوو کەڕێك لەقوڕی شوێنی تاوانەکە دەچوو ئینجا لێکۆڵینەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەوا ناوبراو لەڕێگای پەیوەندی خۆشەویستیەوە ئافرەتەکەی ئەتك کردوە وەلەترسی ئابڕو چونی کوشتویەتی وەلەبەرڕۆشنایی ئەم هەموو بەڵگانەدادگا بڕیاری لەسێدارەدانی تاوانباری داو ئەویش دانی نا بەتاوانەکەی . لەکوردستانی خۆشماندا دیاریدەی شوون هەڵگرتن زۆرباوبووە هەتائەمڕۆش کاتێك کەوا تاوانێك دەکرێت کەسی تاوان لێکراو پەنا دەباتە بەرشون هەڵگرتن بەمەبەستی ئاشکراکردنی تاوانەکەو دۆزینەوەی تۆمەتبار بۆنمونە کاتێك

مەڕومالاّتی یەکێك دەچێتە ناودەغڵ وپاوانی کەسێکی تر . ئەوا خاوەن دەغڵودانەکە پەنادەباتەبەر شوون هەڵگرتنی شوانەکە بۆدۆزینەوەی وقیاس ونەخش وشێوەی شوونەکە هەڵدەگریّ وبەراوردی دەکات لەگەڵ پێلاّوی ئەوکەسانەی کەگومانیان لیّ دەکات جگە لەمەش شوێنی پێی مەڕومالاّتەکان هەڵدەگریّ وبۆنموونە دەزانیّ کەئەم شوانە یاخود ئەم مێگەلە چەند بەران وچەند نێری لەگەڵدایە چونکە سمی‌نێری‌و بەران لەئاژەڵی مێینە گەورەترو قەبەترە بەم جۆرە تاوانەکە ئاشکرادەکەن

شوێن پێ (أثارالاقدام)

شوێن پیّ ئەو شێوەیەیە کەبەجیّ دەمێنیّ لەکاتی بەرکەوتنی تە نێك کەقابیلی کارلێکردن بێت وەکو ( لم وقوڕو خۆڵی نەرم وچەو ) یاخود ئەو شێوەیەیە کەچاپ ئەبێت یاخود دەردەچێت لەسەرتەنێکی جەستەیەکی تر بەمادەیەك لکێنەر وەکوو خوێن و ئاو خۆڵ .

خۆئامادەکردنی تۆمەتبار لەکاتی چونی بۆشوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە بۆئەوەی تۆمەتبار تاوانەکەی ئەنجام بدات پێوستە بچێت بۆشوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە بۆیە هەرچەند تۆمەت بار هەوڵبدات بۆشاردنەوەی شوێن پێیەکەی ناتوانێت چونکە دەبێت بەپیّ بڕوات لەکاتی چونە ژوورەوەی بۆئەو ماڵە یاخود ئەو خانوە یان هەرشوێنکی تر بۆئەنجام دانی مەبەستەکەی وە زۆر جار سروشتی زەویەکە یارمەتی دەردەبێت یاخود لەڕووی زۆری ئەو شتەی کە بەپێیەوە دەنوسێت دەبێتە شوێن پیّ وبەجیّ دەمێنی و کە تەنها دەگەڕێتەوە بۆتۆمەتبار وەجیادەکرێتوە لەشوێن پێی گشتی ئەندامانی ماڵەکە وەیاخود هەرکەسێکی‌تر کەبەڕێکەوت چۆتە ماڵەکە دوای ڕووداوی‌تاوانەکە .



CS CamScanner

شوێنی هەبوونی شوێن پێ

دەتوانین بلێین شوێن پێ لەم شوێنانەدا هەیە :

یەکەم : ئەو ڕێگایەی بەرەو شوێنی ڕوداوەکە دەچێت وەکو جادەو شەقام وڕێچەکەکان وزەویەکانی دەوروبەری .

دووەم : هەموو ئەو شوێنانەی کەوا پێش بینی دەکرێت تۆمەتبارپێدا چووبێت وڕۆیشتبێت وهاتوو چۆی پێیداکردبێت وەکوو پەیژەو قادرمەو ئەو شوێنانەی تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراوە ، وەزانینی ئەو شتانە دەمانگەێنێتە ئەوڕاستیەی کە تاوانەکە چۆن ڕووی داوەو تۆمەتبارکێیەو کات وشوێن وئەنجامدانی کەی بووە .

سێیەم : ئەو ڕێگەو ڕێچکانەی کەواپێش بینی دەکرێ تۆمەتبار پێیدا تێپەڕی بێ دوای ئەنجامدانی تاوانەکە واتا ڕێگاکانی گەڕانەوەی تۆمەتبار .

جۆرەکانی شوێن پێ

١/ پێ ی پەتی (پێ خاوسی)

٢/ پێ ی داپۆشراو واتا پێلاو یاخود گۆرەوی یاخود کلاشی لەپێدابێت .

هەبوونی شوێن پێ لەشوێنی تاوان یاخود لەنزیکیەوە ئەم سود وبەڵگانەی هەیە :

یەکەم : بەڵگەی ئەوەی کەوا تۆمەتبار لەچ لایەك هاتۆتە ژوورەو جولانەوەی لەشوێنی ڕووداوەکە چۆن بووە و بەچ ڕێگایەك چۆتە دەرەوە .

دووەم : بەڵگەیــە لەســەرژمارەی تۆمــەتباران و ڕۆڵــی هەریــەکێکیان لەئەنجامدانی تاوانەکە .

سێیەم : بەڵگەیـە لەسـەرهەندێ سـیفات وجیاکـەرەوەی خـاوەن شـوێن پێیەکە وەکوو

ا– ڕێك ( سليم ) كە هەنگاوەکانی یەکسان وڕێك بن لەڕووی دووریەوە .

ب– گۆج وشەل وگێڕ ئەمەش بەجیاوازی هەنگاوەکانی دەردەکەوێت .

ج– کوێر شوێن پێی کوێر دەردەکەوێت بەلادانی ڕێڕەوەکەی لەڕێگادا واتا لەڕێگا دەرچوون .

د– سـەرخۆش یـاخوود پەشـۆکاو ئەمـەش دەردەکـەوێت لەشـێواوی هەنگاوەکانیو خوارکردنی ڕێڕەوی ڕۆیشتن .

ه – بـچوك یـان گـەورە وەیـاخود نێـر یـان مـێ ئەمـەش دەردەکـەوێت لەقەبارەی شوێنەوارەکەو شێوەگشتیەکەی ودرێژی هەنگاوەکانی .

چــوارەم : بەڵگەیــە لەســەردرێژی خــاوەن شــوێن پێیەکــە بینــراوە لەمەخلوقاتــەکان لەنێوانیانــدا مــرۆڤ کەیەکــسانیەك هەیــە لــەنێوان ئەندامەکانیان بۆیە مرۆڤی بالاّ درێژ ئەندامەکانیان کورت وپڕن

پێنجـەم : بەڵگەیـەك لەسـەرقەڵەوی و لاوازی خـاوەن شـوێن پـێ یەکـە چونکە مرۆڤی قەڵەو شوێن پێیەکانی زیاتر دەچنەوە خوارەوە شوێن پێیەکە زیـاتر چاڵ دەبێـت بـەلاّم مرۆڤـی لاواز شـوێن پێیـەکانی کـەمتر دەچنە خوارەوەو کەمتر چاڵ دەبن .

هێزی بەڵگەی شوێن پێ لەسەلماندنی تاواندا

بەڵگـەی شـوێن پـێ یەکێکە لەبەڵگـەکانی ناڕاستەوخۆ کەقەناعـەتی لای حـاکم بـەهێز دەکـات ئەگـەرهات وبەبەڵگـەی تـر پـشتگیری کـرا بـەهۆی

ئـەوەی کـەوادەتوانرێت شـوێن پـێ بەئاسـانی هەڵبەسـتریّ یـاخود دروستبکریّ و ببێتە هـۆی داماڵینی هێـزی سـەلماندنەکەی بـەلاّم ئەگـەر شـوێن پـێ یەکـە شـوێن پێـی پـەتی بـوو وەهـەنگاوەکانی ڕوون وئاشـکرابوون و بـەراوورد کرابـەهاوڕێك بـوونی لەگـەڵ پێـی تۆمـەتبار لەوکاتەدا هێزی یاسایی باشی هەیە بۆسەلماندنی تاوانەکە .

## سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە


١-پارێزەر کاردۆ گەلاّلی ، عەلی شوون هەڵگر پسپۆڕێکی بەهرەوەربوو ، چاپخانەی ئەسعەد ، بەغداد ، ١٩٧٨

٢-الدكتورعبدالستارجمليي ومحمد عزيز، علم التحقيق الجنائى المدين بين النظريات والتطبيق ، الطبعة الاولى ، بغداد ، ١٩٧٧

٣-الدكتورسلطان الشاوي ، اصول التحقيق الاجرامي ، بغداد ،١٩٨٢

٤-عبدالطيف احمد ، التحقيق الجنائي العملي ،بغداد ،١٩٥٧

٥-عبدالاميرالعكيلى ، ابحاث فى التحري عن الجرائم وجمع الادلة والتحقيق الابتدائي ، الجزء الثاني ، بغداد /١٩٧٢




CamScanner

# ناوی ئەو شوێن و ناوچانەی کە لە نووسینەکاندا باسکراون

١/ گوندی قەرەنیاغا : سەر بە ناحیەی چوارقوڕنە – قەزای رانیە.

٢/ گوندی شیواشۆکی گەورە: سەر بە ناحیەی تەق تەق ، بە سامانی کانزایی بەناوبانگە.

٣/ گوندی مەرزان: سەر بە ناحیەی تەق تەق .

٤/ گوندی ئیلجاغی گەورە: سەر بە ناحیەی تەق تەق.

٥/ گوندی تاڵەبان: سەر بە ناحیەی تەق تەق.

٦/ گوندی شیواشۆکی بچووک: سەر بە ناحیەی دێگەڵە.

٧/ گوندی شێخ الوان: سەر بە قەزای کۆیە.

٨/ گوندی خدران: ئێستا کراوە بە ناحیە ، سەر بە قەزای دوکان.

٩/ گوندی خەرابە: ئێستا بووە بە ناحیەی ئاشتی، سەر بە قەزای کۆیە.

١٠/ گوندی شاخە پیسکە: سەر بە ناحیەی دێگەڵە.

١١/ گەڕەکی باداوە: گەڕەکێکە لە پارێزگای هەولێر.

١٢/ گوندی تیمارۆك: سەر بە قەزای کۆیە.

١٣/ گوندی کانی ماران: سەر بە ناحیە چوار قوڕنە، قەزای رانیە.

١٤/ گوندی هەرمۆتە: سەر بە قەزای کۆیە، زۆربەی زۆری دانیشتوانی مەسیحین.

١٥/ گوندی فەقێیان: سەر بە قەزای کۆیە.

١٦/ گوندی حەمەبایزان: سەر بە قەزای کۆیە.



CS CamScanner

١٧/ گوندی شەوگێڕ: سەر بە قەزای کۆیە.

١٨/ گوندی چۆم حەیدەر: سەر بە ناحیەی تەق تەق.

١٩/ گوندی داربەڕوو: سەر بە قەزای کۆیە.

٢٠/ گوندی ئەسپیندار: گوندێکە لە دۆڵی خۆشناوەتی.

٢١/ گوندی کونە گورگ: سەر بە ناحیەی تەق تەق.

٢٢/ گوندی گردیش: گوندێکە لە دەشتی هەولێر.

٢٣/ گوندی گۆپتەپەی ئەوبەر: ئەو گوندەی کیمیا باران کرا، سەر بە ناحیەی ئاخجەلەر.

٢٤/ گوندی دار بەسەر: سەر ناحیەی دێگەڵە.

٢٥/ گوندی گەرمکی تەق تەق: سەر بە ناحیەی تەق تەق.

٢٦/ گوندی کانی وەتمان: سەر بە ناحیەی خەلەکان ، قەزای دوکان.

٢٧/ گوندی مێووژە باسەر: دەکەوێتە بەری مەرگە.

٢٨/ گوندی قالاوە: دەکەوێتە نزیك قەڵادزێ.

٢٩/ گوندی پیرەر: سەر بە ناحیەی دێگەڵە.

٣٠/ گوندی پووکە: سەر بە ناحیەی چوار قوڕنە ، بیتوێن.

٣١/ گوندی گربداغ: سەر بە قەزای قەڵادزێ.

٣٢/ گوندی تەنگژە: سەر بە قەزای قەڵادزێ.

٣٣/ گوندی کەڵکان: سەر بە قەزای دوکان.

٣٤/ بەری مەرگە: کۆمەڵە گوندێکە دەکەوێتە نێوان دوکان و رانیە و قەڵادزێ.

٣٥/ شێخی شێخ موسڵێ: پیاوچاکێکە لە ناو شاری کۆیە، کە ئەسڵی جولەکەیە، خەڵك بۆ زیادبوونی رزق دەچنە سەری.



CamScanner

٣٦/ شاخی باواجی: چیایەکە دەکەوێتەباکووری شاری کۆیە.

٣٧/ کانی ئۆمەراغا: ئەو کانییەیە دەکەوێتە سەر لوتکەی چیای باواجی لەسەر گوندی شێخ الوان کە ئێستا خەریکە دەکرێتە بە هاوینە هەوارێکی دڵرفێن، ئەم کانییە بە ناوی ئۆمەراغا ناونراوە کە دەکاتە باپیرە گەورەی کوێخا عەلی شیواشۆك ، کە مەڕی لێ ئاوداوە.

٣٨/ قەتارچی: ئەو کاروانەیە کە بازرگانییان دەکرد، وەك هۆکارێك بۆ گواستنەوەی کەل و پەل.

٣٩/ بیتوێن: ئەو دەشتە پان و بەرینەیە کە دەکەوێتە دەورووبەری شارەدێی چوارقوڕنە، دەشتێکی زۆر پان و بەرین و بەپیت و بەرەکەتە.

٤٠/ گۆڕستانی دەروێش خدر: گۆڕستانێکی کۆنی شاری کۆیەیە. کەوتۆتە رۆژهەڵاتی شاری کۆیە و ئەم زاتەی لێنێژراوە و گۆڕستانەکە بە ناوی ئەوەوە کراوە.

٤١/ گەری عاسێ: گەلیەکە دەکەوێتە نێوان هەر سێ گوندی (شیواشۆکی گەورە و مەرزان و ئیلنجاغ) .

٤٢/ زەوی گرتکە کوڕێ: پارچە زەوییەکە لە گوندی شەوگێڕ.

٤٣/ زەوی دڕکە: پارچە زەوییەکە لە گوندی شەوگێڕ.

٤٤/ هەوێزی کورتەك: هەوێزێکە.

٤٥/ ئاوی کانی قەبران: کارێزێکە لە گوندی مەرزان.

# سەرچاوەکان

١-پارێزەر کاردۆ گەلاڵی ، عەلی شون هەڵگر پسپۆڕێکی بەهرەوەر بوو، چاپخانەی ئەسعەد ،بەغداد ،١٩٧٨ .

٢-ڕێباز محمد حاجی عەلی ، کوێخا عەلی شیواشۆکی و بەهرەو داهێنان ، ڕۆژنامەی هاموون ، ژمارە (١٦) ، ساڵی دووەهەم ،١٩٩٩، ڕۆژنامەیەکی مانگانەیە لە کۆیە دەردەچێت .

٣-محمد فەتحوڵلاّ دارياس ، شون هەڵگرتن ، ڕۆژنامەی هاموون ، ژمارە (١٧)،ئەیلولی ١٩٩٩.

٤-الدكتور عبد الستار الجملي ومحمد عزيز ، علم التحقيق الجنائي بين النظريان والتطبيق، طبعة الاولى ، بغداد ،١٩٧٧.

٥-الدكتور سلطان الشاوى ، اصول التحقيق الاجرامى ، بغداد ١٩٨٢ .

٦-عبد الطيف احمد ، التحقيق الجنائى العملى ، بغداد ١٩٥٧ .

٧-عبد الامير العگيلى ، ابحاث فى التحرى عن الجرائم ، وجمع الادلة والتحقيق الابتدائى ، الجزء الثانى ، بغداد ١٩٧٢ .

٨-ڕۆژنامەی تاك ،ژمارە (١٢) کانونی یەکەمی ٢٠٠٥، ڕۆژنامەیەکی مانگانەیە ناوەندی ڕۆشنبیری تەق تەق دەری دەکات.

٩-ڕۆژنامەی تاك، ژمارە (١٣) کانونی دووەمی ٢٠٠٦،ساڵی دووەم .

١٠-ڕۆژنامەی تاك، ژمارە (١٤) شوباتی ٢٠٠٦،ساڵی دووەم.

١١-ڕۆژنامەی تاك، ژمارە (١٥) ئاداری ٢٠٠٦،ساڵی دووەم.

١٢-ڕۆژنامەی تاك ،ژمارە (١٦) نیسانی ٢٠٠٦،ساڵی دووەم.



CamScanner

# چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم بە ڕێزانە کراوە

١-شێخ عەلی شێخ حمەصالح تاڵەبانی بەرپرسی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیە.

٢-شێخ جەنگی تاڵەبانی کەسایەتی ناودارونیشتمان پەروەری کۆیە.

٣-کاک حاجی سمکۆ حەمە بایزانی لە دایک بووی ١٩٣٠.ئێستا دانیشتوی گەڕەکی ئازادی شاری کۆیەیە .

٤-کاک مەلا قادر کاک لاو شیواشۆکی-ئێستا دانیشتوی شاری هەولێرە.

٥-کاک مەلا عوسمان سالح شیواشۆکی ،ئێستا دانیشتوی شاری هەولێرە.

٦-کاک عەلی ڕەسوڵ شەوگێڕی ناسراو حاجی ڕەسوڵ شەوگێڕی ئێستا لە شاری کۆیە دەژیێ.

٧-عیسا کەریم خەڵکی هەرمۆتە ناسراو بە مام عیسۆن.کەسایەتی ناسراوی هەرمۆتە ئێستا لە ژیاندا ماوە.

٨-عبدالله سالح شیواشۆکی ، ئێستا لە ژیاندا ماوەو لە هەولێر دەژی .

٩-عومەر فەتاح ئیلنجاغی ئێستا لە شاری کۆیە دەژی .



CamScanner

١٠–مەجید عەلی مەرزانی ناسراو بە حاجی مەجید شیواشۆکیو کوڕی کوێخا عەلی شیواشۆکی ، لە دایک بووی ١٩٣٩ ئێستا لە شاری کۆیە دەژی .

١١– سالْح حەمەد عەبدوڵلاْ مەرزانی ئێستا لە شاری هەولێر لە گەڕەکی سێتاقان دەژی.

١٢–جەمال کاك ئەحمەد بەگی دارەشمانە ، ئێستا لە گوندی دارەشمانەی قەڵادزە دەژی .

١٣–عەبدوڵڵا پیرۆت ناسراو بە عەبدوللا دەوەن دانیشتوی شاری قەڵادزێ.

١٤–بەکر بایز بەڕێوەبەری ئاسایشی قەڵادزێ.

١٥–سلێمان مام حەمەد مەرزانی ئێستا لە هەولێر لە گەڕەکی کوران دەژی .

١٦–سەلیم حەسەن مەرزانی ، ئێستا لە شاری کۆیە لە گەڕەکی شەهیدان دەژی .

١٧–شەریف حەسەن مەرزانی ئێستا لە شاری کۆیە دەژی .

١٨–شێخ عومەری کوڕی شێخ بایزی باقلان ئێستا لە شاری ڕانیە دەژی.

# پێڕستی بابەتەکان

- پێشەکی........................................................... ٧
- بیرۆکەی نووسینی ئەم کتێبە................................................ ٩

بەشی یەکەم: ژیاننامەی کوێخا عەلی مەرزانی و بەشێك لە شاکارەکانی شوون هەڵگرتن.................................................................................. ١١
- ژیاننامەی کوێخا عەلی مەرزانی و .................................................. ١٣
- قسە نەستەقەکانی کوێخا.............................................................. ٣٥

بەشی دووەم: کوێخا عەلی لە روانگەی رۆشنبیران و نووسەرانەوە.......... ٣٧
- عەلی شوون هەڵگر، کەریم شارەزا.................................................. ٣٩
- نامەیەکی دڵزاری شاعر بۆ حاکم هیمداد........................................... ٤١
- کێخوا عەلی شیواشۆکی دوژمنی تاوانباران وخەمخۆری ستەملێکراوان بوو، موحەمەد دارپاس .................................................................... ٤٣
- کوێخاعەلی شیواشۆکی کەسایەتیەکی ناوداری سەردەمی خۆی بوو لە دەڤەری کۆیەدا، موحەمەد دارپاس ................................................. ٤٩
- شوێن پێ هەڵگرتن، موحەمەد دارپاس ............................................ ٥٣
- کوێخا عەلی شوون هەڵگر ، جەواد حەمە بەگ .................................. ٥٥
- نهێنی بلیمەتی کوێخا عەلی لە بن نایە، جەواد حەمە بەگ .................... ٦١



CamScanner

- کوێخا عەلی مەرزانی بلیمەتی شوێن پێ هەلگر و ، فاتح بێ لان ..........٦٥
- شایەدیەکی بەهەق لە سەر شوێن هەلگرتنی، مقدم دلشاد موحەمەد........٦٩
- کوێخا عەلی شیواشۆکی بەهرە و داهێنان، رێباز محمد حاجی علی........٧٣
- بەرێز کاك هیمداد حاکمی کۆیە ، فریشتە ..............................٧٥
- پەیڤێکی پێویست لە دوا وێستگەی ، ئاراس ئیلنجاغی....................٧٧

بەشی سێهەم :شوێن پێ هەلگرتن لە روانگەی شەریعەت و یاسادا.......٨٣
- شون هەلگرتن لەرێبازی فقهی ئیسلامی ، د. جمال محمد باجلان....٨٥
- شوێن پێ هەلگرتن لە رووی یاساییەوە ................................٩٠
ناوی ئەو شوێن و ناوچانەی کە لە نووسینەکەدا باسکراون.............٩٧
سەرچاوەکان ..........................................................١٠٠
چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێزانەدا کراوە ..................................١٠١

CamScanner